# یادەوەرییەکانی
# کۆڵانێکی خاپوورکراو

# یادەوەرییەکانی

# کۆڵانێکی خاپوورکراو

## کۆمەڵە چیرۆك

## سیامەند هادی



سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

- یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو
- نووسینی: سیامەند هادی
- بابەت: چیرۆك
- بەرگ: هونەرمەند(سۆران رەفعەت)
- چاپخانە: یاد
- سەرپەرشتیاری هونەریی: ئارام سدیق
- سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی
- تیراژ: (500) دانە
- چاپی یەکەم: سلێمانی- 2006
- ژمارەی سپاردن: (912) ی 2006

لەبلاّوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە(18)

ئەو ژوورەی
هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت ............................ 7
چەترە وشکەکان .................................... 21
گەڕانەوەی پیاوێك لەتاریکیدا ...................... 35
ئەو ئێوارەیە
لەبەردەم دوکانەکەوە تێنەپەڕی ................... 49
یادەوەرییەکانی
کۆڵانێکی خاپوورکراو ............................... 63
مەرگێك پێش درکاندنی رازەکان .................. 81
تەرمی شار
لەبەیانییەکی تەممووزدا ............................ 93
مەرگی داپیرە لەسێشەممەدا ...................... 111

ئەو ژوورەی هاوڕێکەم

خۆی تیاکوشت

کاتێك جانتاکەم بەشانمدا شۆڕکردبۆوە, بەئاستەمیش نەمدەوێرا ئاوڕ لەو ژوورە بدەمەوە کە بەبڕوای خۆم فوارەی خوێنی بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو. هاوڕێکەم هەموو جارێك دەیگوت (لەکاتی سەفەردا ئاوڕ لەو شوێنە مەدەرەوە کە جێیدێڵی, نەبادا یادەوەرییەکانت فراوانی خۆیان لەدەستبدەن و لەخاڵێکدا چڕببنەوە!).

لەدواهەمین بینینی ئەو ژوورەدا, کە پاش سێ رۆژ دوای مردنی هاوڕێکەم بۆ ماوەی نیو سەعات بەمەبەستی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم تێیدا مامەوە, یادەوەریی و حەسرەتی نیو سەدەی لاجێهێشتم. بەچوار سەعات دوای مردنی هاوڕێکەم لەگەڵ چەند کەسێك و لەئێوارەیەکی درەنگدا تەرمەکەیمان بەڕێکرد بۆ گۆڕستانەکەی دەروازەی شار.

(ئەم شارە سەرەتا بەمردنت ئاشنا دەکات!). ئەمە قسەی هەموو جارێکی هاوڕێکەم بوو، لەکاتی هاتنەوەماندا بۆ نێو شارەکە.

ئێوارەی ناشتنی هاوڕێکەم, هەمان جۆری ئەو ئێوارانە بوو کە خۆی حەزی دەکرد هەموو ئێوارەیەکی رۆژانی ساڵ لەوجۆرە بێت. ئێوارانێك کاتێك تەمێکی چڵکن بەری ئاسمان



دەگرێت. هاوڕێکەم دەیگوت (لەو ئێوارانەدا مرۆڤ تووشی رامان دەبێت و لەئێستای خۆیدا دەتوێتەوە. هیچ یادەوەرییەکی رابردوو, هیچ ئومێدێکی ئایندە بەدەزووی خەیاڵیدا تێناپەڕن!). لەبولێڵی ئەو ئێوارەیەدا کاتێك خۆڵیان بەسەر تەرمەکەدا دەکرد, ئەو پیاوە کورتەبالآیەی نانەواخانەکەی سەروو ژوورەکەمان, کە رۆژی چوارجار سڵاومان لێدەکرد, گوێم لێبوو دەربارەی هاوڕێکەم لەسەرخۆ بەپیاوێکی تەنیشتی دەگوت (دوێنێ ئێوارە بەتەنها لەبەردەم نانەواخانەکەوە تێپەڕی و دەستی سڵاوی بۆ هەڵبڕین, لەکاتی وەڵامدانەوەیدا زۆر خەمبار دەهاتە بەرچاو, بەتەواوی رەنگی مردووی لێنیشتبوو!).

لەو ئێوارەیەدا هەرچەندمکرد خەڵکەکە بەوە رازی بکەم شەوێك تا بەیانی بەدیار تەرمی هاوڕێکەمەوە دانیشم, بەلآم کەس رێگەی بەوە نەداو هەموویان دەیانگوت (مردوو تا زووتر بنێژرێت خێرترە!).

پاش تەواوبوونی پرسەکە, بەتەواوی بۆم ئاشکرابوو کە بۆچی ئەو خەڵکە هێندە پەلەیانبوو لەناشتنی هاوڕێکەمدا. چونکە مردنی ئەو جگە لەو پێکهێنانی مەراسیمی ناشتنە, هیچی دیکەی لەژیانی ئەواندا نەگۆڕی.

ئەگەرچی من گەلێك جاری دی لەکاتی ناشتنی مردووی دیکەدا ئامادە بووبووم, بەلآم هیچ جارێك ئەوەندە لەو ئاسمان و خەڵك و گۆڕە ورد نەبووبوومەوە. هەستمکرد ئەو

ئێواره تەماوییە دەبێتە یادەوەرییەك و هەموو ئێوارەیەكی دیكەی لەو جۆره لەداهاتوودا دەبێتە بانگەشەی ئاشكراكردنی مردنی هاوڕێكەم. لەئاپوورەی ناشتنی مردووی دیكەدا گەلێك خەڵكم بینیوه, بەڵام هیچیان لەو كەسانه نەدەچوون كه لەئاپوورەی ناشتنی هاوڕێكەمدا دەوریاندابووم. وامبەخەیاڵدا دەهات ئیدی ئەو كەسانه لەبەرچاوی من ڕەنگی مردوویان لێدەنیشێت و لەبینینیاندا دووباره مردنی هاوڕێكەم بەبیر دەهێننەوه. لەكۆبوونەوەی خەڵكدا بۆ ناشتنی مردوو زۆر گۆڕم بینیوه, بەڵام هیچ گۆڕێكیان وەك گۆڕی هاوڕێكەم نەیجوڵاندم. لەوكاتەدا هەستمكرد شوێنی گۆڕستانەكە بڵندتربووەو چیدی لەهەر شەقامێكی ئەم شارەدا رابوەستم, گۆڕستانەكەم لێوه دیاردەبێت.

لەساتی ناشتنی هاوڕێكەمدا بیرم لەجۆری ناشتنی مردوو دەكردەوه. هەندێجار مردوو بەشێوەیەكی فراوانتر دەنێژرێت و بەدانانی لەسەر شاخێك, یان فڕێدانی بۆ نێو دەریا, یان سوتاندنی تەرمەكە هەستێكی فراوان و بڵاو لەهەموو جارێكی یادەوەرییدا بەدووی تەرمەكەدا دەڕوات. بەڵام لێره بەشێوەیەكی جێگیر یادەوەریی بۆ مردوو لەچاڵێكی تەسكدا هەڵدەگیرێت!

سێ شەوی دوای مردنی هاوڕێكەم لەماڵی مامۆستایەكی هاوڕێماندا مامەوه. من هیچم نەدەخوارد, كاتێك



چاوم بەچەقۆیەك كەوت كە لەسەر سینییەك بەتەنیشت قاپێك خەیارەوه دانرابوو، ئەو چەقۆیەی بەبیرهێنامەوه كە سێ شەو بەر لەمردنی, هاوڕێكەم شەوانه تیژی دەكرد. ئەو چەقۆ گەورەیەی دایكی هاوڕێكەم لەكاتی هاتنماندا بۆ ئەم شاره خستبوویە نێو كەلەپەلەكانی. دەمی چەقۆكە ستیلێكی ئاویی بوو, درێژییەكەی نزیكەی بیست سانتیمەترو پانییەكەی سێ سانتیمەتر دەبوو. دەسكێكی ڕەشی هەبوو كە لەڕووكاری دەرەوەیدا سێ بزماری زەردی پانی تێدا نوقمكرابوون. من هەمیشە گاڵتەم بەوه دەهات ئێمە لێره هەرگیز پێویستمان بەو چەقۆ گەورەیە ببێت. لەسێ شەوی تیژكردنی ئەو چەقۆیەدا بەهاوڕێكەم راگەیاند: زۆر تیژی نەكات, نەبادا دەستی یەكێكمان ببڕێت. ئەویش لەوەڵامدا دەیگوت (چەقۆیەك بەباشی گۆشت نەبڕێت چەقۆ نییە!).

ئەو مامۆستایەی هاوڕێمان كە لەو شەوانەدا لەماڵیان مامەوه, هەوڵی ئەوەی دەدا بەوه دڵنەواییم بداتەوه، كە هەموو كەس هەردەبێت بمرێت. هەندێجاریش وەك یادەوەریی چەند رووداوێكی خۆش و ناخۆشی هاوڕێكەمی دەهێنایەوه بەرچاوم. لەو گەڕانەوەیەدا بەڕێكەوت باسی یەكەمین هاتنمانی كرد بۆ ئەو ژووره.

هاوڕێكەم وەك من مامۆستا بوو, پێكەوه لەم شارەدا دامەزراین و لەو ژوورەدا نیشتەجێبووین. ئەو ژوورەی

چواچێوەیەکی سیخناخ بوو لەبیرەوەریی و بوخچەیەکی شەتەکدراوبوو لەپەیڤ و روانین. ئەو ژوورەی ساپیتەکەی یەکپارچە شینایی بوو, کە ئێمە ستوونی دیاردەکانی بۆشاییمان لێوە راڤەدەکرد. دیوارەکانی شوشەیی بوون, ئێمە ئاسۆیی هەموو رووداوەکانی رۆژانەمان لێوە دەبینی. زەمینی ئەو ژووره روونبوو وەك چاوی قرژاڵ, ئێمە بەردەوام لەنهێنییەکانی خاکمان دەڕوانی. پەنجەرەکان لاکێشەیەك بوون لەڕووناکی, کە هەموو کات پرشنگیان دەداو نیگایان رۆشن دەکردەوە. دەرگای ئەو ژووره دەروازەیەکی ئاوریشمینی خەیاڵی بوو, لەچوونە ژوورەوەو هاتنەدەرەوەیدا هەستمان بەتێپەڕبوون نەدەکرد.

کاتێك لەو شەوەدا ئەو مامۆستایە باسی یەکەمین رۆژی هاتنی من و هاوڕێکەمی کرد, من هەندێ لەو شەوانەم بیردەکەوتەوە کە لەگەڵ هاوڕێکەمدا چەندین پەیڤمان رۆدەکردە نێو ژورەکەوە. هاوڕێکەم لەپەیڤەکانیدا دەرفەتێکی بۆ باوەشکردن بەژیاندا نەدەبینییەوە. هەموو توولەڕێیەکانی ئومێدو هیوای دەبردەوە سەر خەرەندی رۆچوون. گەشبینی مرۆڤی بەخۆهەڵخەڵەتاندن دەزانی و دەربارەی مردنیش دەیگوت (دەبوایە مرۆڤ نەیزانیبایە کە دەمرێت, چونکە تۆ کاتێك بزانیت هەردەمریت, ئیدی تا زوتر بمریت پەتی خەیاڵی ترس و نائومێدی لەمردن کورتتر دەبێت). هەر لەو



روانگەیەشەوە لەجیهانی دەڕوانی, دەیگوت (لەکاتی بوونی مندا جیهان بوونی تەواوی هەیەو هەمووشتێك ئاساییە, بەڵام کە من مردم جیهان هیچ مانایەکی نامێنێ و بوونی نابێت). کە من رۆژی سەری ساڵ و بۆنەو یادەکانم جیادەکردەوەو پێموابوو رۆژی سێشەممە رۆژێکی شوومە, ئەو دەیگوت (هەموو رۆژەکانی ساڵ وەك یەك وان, تەنانەت سەری ساڵ و سەدەو هەزارەو رۆژانی بۆنەکانی دیکەش وەك رۆژانی ئاسایی وان, بەڵام ئێمە بەجودایی لێیان دەڕوانین). هاوڕێکەم گاڵتەی بەهەموو بۆنەو جەژنێك دەهات, چونکە دەیگوت (ئێمە یادی روداوو کارێکی گەورەی رابوردوو دەکەینەوە، کە ئێمە نەمانکردووە, هەربۆیە خۆهەڵکێشان بەشتێکەوە کە تۆ نەتکردبێت هیچ مانایەکی نابێت).

مامۆستاکەی هاوڕێمان لەو شەوەدا لەوە دەچوو هەستی بەوە کردبێت من گوێم لەهیچ لەو قسانە نەبووە ئەو کردوونی, چونکە دوای ئاخ هەڵکێشانێکی قوڵ بێدەنگییەك منی هێنایەوە نێو ئەو ساتەوەختە. لەشەوی یەکەمی دوای مردنی هاوڕێکەمدا لەماڵی ئەو مامۆستایەی هاوڕێمان نەنووستم و هەموو یادەوەرییەکانی رۆژانی پێکەوەبوونمان وەك فیلمێك بەبەرچاومدا گوزەری دەکرد.

رۆژی بەجێهێشتنی ئەو شارە, ئەو رۆژەبوو کە دوای مردنی هاوڕێکەم بۆ ماوەی نیو سەعات بەمەبەستی

کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم لەو ژوورەدا مامەوە. کاتێك دەرگای ژوورەکەم کردەوە، وەك ئەوەی دەروازەی ئازارێك بخەمە سەرپشت دەنگێك لەدەرگاکەوە بەرزبۆوە. دوای ئەوەی بەزەحمەت دەرگاکەم کردەوە کەوتمە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم و بۆ ماوەیەکی کورتیش لەژوورەکە رامام. لەو ساتەدا وام هەستدەکرد کە هیچ شتێك بەم ژوورەوەم نابەستێتەوە. هەربۆیە حەزم دەکرد بەخێرایی بچمە دەرەوە. ساپیتەی ژوورەکە یەك پارچە رەشایی دەینواند، کە هەموو نهێنییەکانی بۆشایی لێوندەکردم. دیوارەکانی وردەوردە دەهاتنەوەیەك و لەهەموو چواردەوری دووردەختسمەوە. زەمینی ژوورەکە خمخۆرك بوو، ئەوەندەی نەمابوو بەرەو قولاییم هەڵلوشێت. پەنجەرەکان لاکێشەیەك بوون لەتەمومژو بەردەوام تاریکییان لەدەرەوە هەڵدەمژی و رۆیاندەکردە نێو ژوورەکەوە.

دواتر بەهۆی تەڕبوونی قاچەکانمەوە نیگام لەسەر پەڵەخوێنێکی گەورەی ناوەڕاستی ژوورەکە لەنگەری گرت، وردەوردە ئەو پەڵەخوێنە قوڵپی دەداو گەورەتر دەبوو، لەسەرخۆ بەژوورەکەدا بڵاودەبۆوە. تەماشای دیوای لای چەپی ژوورەکەم کرد، پرژەی خوێنم هاتە بەرچاو کە بەڕووی دیوارەکەدا پەخش بووبوون. نێوان هەر دوو دڵۆپێك لەو پرژە خوێنە سێ پەنجە دەبوو. تا بەرەو سەرەوەی دیوارەکەش بتڕوانیایە دڵۆپەکان بچوکتر دەبوونەوە، تا ئەوکاتەی لەنزیك



ساپیتەی ژوورەکەدا لەبەرچاو وندەبوون. دەنگی چۆڕاوگەی دڵۆپێکی هێواش ئاوڕی پێدامەوە، کە روانیم چەترە هەڵواسراوەکەی هاوڕێکەم بوو، بەهێواشی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدەچۆڕی. دەنگی دڵۆپێکی دیکەی لای چەپی ژوورەکە نیگای لەسەر چەترەکە پێهەڵگرتم و گوێزایەوە سەرخۆی، تەماشامکرد کراسێکی هەڵواسراوی هاوڕێکەم بوو، کە تکتك خوێنی لێدەکەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ژوورەکە. بێزاربوون لەدیمەنە سامناکەکانی لای چەپی ژوورەکە بەتەواوەتی وەری چەرخاندم، کە تا ئەوکاتەش ئاوڕم لەلای راستی ژوورەکە نەدابۆوە. لەیەکەم ئاوڕدانەوەدا نیگام لەسەر جێگەی هاوڕێکەم راگرت، بینیم کەللەسەری هاوڕێکەم لەسەر پشتییەك بەلاری کەوتووەو قوڵپەقوڵپ خوێن دەردەدات. نەمتوانی زیاتر چاوەکانم لەسەر ئەو کەللەسەرە رابگرم، هەربۆیە بەناچاری لەخوارەوەی ژوورەکەم روانی. تەماشامکرد هەردوو پێی هاوڕێکەم لەنێو پێڵاوەکانیدا بەجێماون، کە وەك مۆم تکتك دەتوانەوەو خوێنیان پیادەهاتە خوارەوە. ئاوڕم لەلای سەرەوەی ژوورەکە دایەوە، دەفتەرێکی لەخوێن هەڵکێشراوی نمرەی قوتابییەکانی هاوڕێکەمم بینی، کە چوار پەنجەی دەستی راستی هاوڕێکەمی لەسەر کەوتبوو. کاتێك هەنگاوێکی پڕ لەترسم بۆ دواوە هەڵهێنا، ترپەترپێکی هێواش سەری بەرەو خوار پێدانەواندم. تەماشامکرد پارچە گۆشتێکی سوور لەناوەڕاستی ژوورەکەدا

کەوتووەو لەهەر لێدانێکیدا چەند دڵۆپێک خوێن دەردەداتە دەرەوە. پەنجەرەکان تا دەهات تاریکتر دەبوون و تارمایی خوێن دایدەپۆشین. بۆنی خوێن بەتەواوی ژوورەکەی داگیر کردبوو. لەگەڵ ئەوەی لەشم تا دەهات قورستر دەبوو، قورگیشم تەڕایی تیا نەمابوو، هەربۆیە بەمەبەستی گەڕانەوەی تەڕایی بۆ لەشم دەستم برد بۆ پەرداخێك، سەیرمکرد پڕە لەخوێن. پەرداخەکەم لەدەست کەوتە خوارەوەو خوێنەکە بەنێو ژوورەکەدا بڵاوبۆوە. هەناسەم بەپچڕ پچڕی دەداو تا دەهات لەشم قورستر دەبوو. لەوە دەچوو هەموو خوێنی لەشم لەژێر پێستەکەمدا کۆبووبێتەوەو لەپاڵەپەستۆدا بێت بۆ دەرپەڕین. بەپەلە کەلوپەلەکانم پێچایەوەو خۆم گەیاندە دەرگاکە. لەکاتی کردنەوەی دەرگاکەدا بینیم چوار پەنجەی دەستی چەپی هاوڕێکەم بەدەسکی دەرگاکەوە بەجێماوە. بەپرتاو بەقاچی راستم درزی دەرگاکەم گەورەکردو بەلەشی قورس و هەناسەبڕکێوە خۆم لەژوورەکە قوتارکرد.

لەدووەم شەوی مانەوەم لەماڵی ئەو مامۆستایەی هاوڕێماندا، بەژێرخۆڵەوەکردنی کوللەیەکی مردوو لەلایەن منداڵی مامۆستاکەوە، جارێکی دی بردمییەوە بۆ ساتی ناشتنی هاوڕێکەم لەنێو گۆڕستانەکەدا. بەو کفن و بەردو خۆڵەی هاوڕێکەمیان پێحەشاردەدا، وام هەستدەکرد دەیانەوێت بەخێرایی و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هاوڕێکەم لەبەرچاوی



جیهان ونبکەن و تەنها درزێکیش نەهێڵننەوە بۆ سەلماندنی بوونی لەپێش مردنیدا. چونکە لای ئەوان مردنی ئەو نەهیچی گۆڕی و نەهیچیشی خستە سەر ژیان. هاوڕێکەم خۆیشی ئەمەی زانیبوو، هەربۆیە لەپێش مردنیدا هەموو شتێکی ئەو نیوەڕۆیەی بۆ ئامادەکردبووم. لەربەئەوە لەکۆتایی ناشتنی هاوڕێکەمدا وامبەخەیاڵدا دەهات ئەو کێلەی بۆی دەچەقێنن، جگە لەسیمبولی مردن بۆ بەرچاوی زیندووەکان، هیچ مانایەکی دیکە لەخۆناگرێت!

ئەو بێدەنگییەی دوای ناشتنی هاوڕێکەم باڵی بەسەر گۆڕستانەکەدا کێشا، حەسرەتێکی گەورەی لابەجێهێشتم، چونکە هاوڕێکەم جگە لەوەی زۆر بەبێدەنگی ژیا، زۆر بەبێدەنگیش مرد. زۆر بەبێدەنگی مرد، وەك بێدەنگی سوتانی جگەرەی فڕێدراوی رێبوارێك. بێدەنگ وەك ونبوونی شەونمی سەر پەلکە گیایەك. کاتێك مرد هەموو کەس گوێیان لەئاست مردنیدا کەڕکردو بەشپرزەیی هەوڵی شاردنەوەی تەرمەکەیان دەدا!

سەربڕینی مریشکێکی نێو حەوشەی ماڵی مامۆستاکەی هاوڕێمان لەدواهەمین شەوی مانەوەم لەو شارەدا، رۆژی مردنی هاوڕێکەمی وەك فیلمێکی کورت هێنایەوە بەرچاوم:

لەنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەدا کاتێک لەقوتابخانەوە دەگەڕامەوە بۆ ژوورەکە, تەمومژێکی چڵکن بەری ئاسمانی شارەکەی گرتبوو. بەڕێگەوە هەستم بەدڵتەنگییەکی گەورە دەکردو ئارامم لێبڕابوو. زۆر بەپەلەبووم بگەمە لای هاوڕێکەم و خۆسوتاندنی ئەو ژنەی نزیک قوتابخانەکەمانی پێڕابگەیەنم, کە دوێنێ شەو بەهۆی دەنگەدەنگێکەوە لەگەڵ مێردەکەیدا ئاگری لەخۆی بەردابوو. چونکە هاوڕێکەم زۆر حەزی بەبیستنی هەواڵی لەوجۆرە ڕووداوانە دەکرد! لەکاتی ڕۆیشتندا قیڕەی قەلەڕەشێک کە بەسەر ئاسمانی ژوورەکەوە خولی دەخوارد سەرنجیڕاکێشام, هەربۆیە خێراتر هەنگاوم دەنا. تا گەیشتمە بەردەم ژوورەکەو دەرگاکەم کردەوە. کە چوومە ژوورەوە جەستەی هاوڕێکەم بەڕاکشاوی لەناوەڕاستی ژوورەکەدا هەموو رابردووی وەستاندم. بەپەلە خۆم گەیاندە سەر ئەو جەستەیەی کە پێدەچوو پێش چەند دەقیقەیەک گیانی لەدەستدابێت. هێشتا خوێنی لێدەچۆڕا. پارچەیەک کاغەز لەدەستی ڕاستیدا بوو, تەنها دوو دێڕی بەگەورەیی لەسەر نووسرابوو. بەڵام بریقانەوەی چاوەکانم بەهۆی فرمێسکەوە لەو ساتەدا ماوەی خوێندنەوەی نەدام. هەربۆیە بەخەیاڵمدا هات بەدووی هۆکاری ئەو حاڵەتەدا بگەڕێم. بەخێرایی چاوم بەنێو ژوورەکەدا گێڕا، دوای ئەوەی هیچی ئەوتۆم لەژوورەکەدا نەبینی کە جێگەی



سەرسوڕمان بێت, لەکۆتاییدا چاوم لەسەر تەرمی هاوڕێکەم لەنگەری گرت. سەیرمکرد چەقۆیەکی گەورەی دەسک ڕەش, کە لەڕووکاری دەرەوەیدا سێ بزماری زەردی تێدا نوقمکرابوو, لەسەر دڵی هاوڕێکەم چەقیبوو. لەو ساتەدا پاشگەزبوومەوە لەگاڵتەی هەموو ئەو جارانەی کە هاوڕێکەم باسی خۆکوشتنی دەکرد!

هاوڕێکەم زۆر بەبێدەنگی مرد, جگە لەدوودێڕی سەر ئەو پارچە کاغەزە، هیچی بۆ بەجێ نەهێشتم. ئەو دوو دێڕەی کە لەهەر سێ شەوی مانەوەم لەماڵی مامۆستاکەی هاوڕێماندا بەبەردەوامی دەمخوێندەوە, نووسیبووی:

لەباسی مەینەت و دەردی دەروونی بۆیە دەم نادەم

لەخوێناوی دڵی پڕ غەم کە سینەم مەوج ئەدا تادەم*

چیدی نەمتوانی دوای مردنی هاوڕێکەم لەو شارەدا بمێنمەوەو لەو ژوورەدا بگوزەرێم. هەربۆیە کاتێک جانتاکەم بەشانمدا شۆڕکردبۆوە, بێ ئاوڕدانەوە لەو ژوورە, بڕیارمدا بەیەکجاریی ئەو شارە بەجێبهێڵم!

*دێڕە شیعرێکی(مەحوی)یە.

قەڵادزێ-پایزی 1999

# چەترە وشکەکان

**هەموو ئەو کەسانەی بەشدارییان لەناشتنی تەرمی ئەو پیاوەدا کردبوو، تا چەند ساڵێکیش دوای ئەوە باسی ئەو بارانە زۆرەیان دەکرد کە لەو ئێوارە درەنگەدا بەسەریاندا باری. ژنێك هەموو جارێك بەگریانەوە دەیگێڕایەوە کە ئەوکاتەی تەرمەکەیان شۆڕکردۆتەوە بۆ نێو گۆڕەکە، وەك دیمەنی پارچەیەك دار دەرکەوتووە کاتێك فڕێدەدرێتە دەریاوە. لەکۆتایی گێڕانەوەکەشیدا دەگوت(گۆڕەکەی پڕ ببوو لەئاو!). بەشێوەیەك باسی دیمەنەکانی ئەو ئێوارەیەی دەکرد، لەڕووخساریدا وادەبینرا هەرگیز ناتوانێت تاکو مردن ئەو رۆژە لەبیربکات.**

**کەس نەیدەتوانی پێشبینی بارینی ئەو هەموو بارانە زۆرە بکات. تا ئەوکاتەی تەرمەکەیان شۆردو ئامادەبوون بەرەو گۆڕستان بکەونەڕێ، بەهیچ شێوەیەك باران نەدەباری، بەڵام لەگەڵ بەڕێکردنی تەرمەکەدا باران ئەوەندە بەخوڕ دایکرد، تا ئەوکاتەی لەگۆڕستان گەڕانەوە خۆشی نەکردەوە.**

**ئەو کەسانەی لەمەراسیمی ناشتنەکەدا ئامادەبوون، بەشێوەیەك تەڕببوون دەتگوت لەحەوزێك ئاوت هەڵکێشاون.**



**تەنانەت پێڵاوەکانیشیان پڕ ببوو لەئاو! ئەگەرچی خەڵکەکە لەکاتی ناشتنی تەرمەکەدا هەوڵیاندا ئاو نەچێتە گۆڕەکەوە، بەڵام ئاوی بارانەکە چەندین جۆگەلەی وردی دروستکردوو گۆڕەکەی پڕکرد لەئاو. (رەنگە ئەو پیاوە تاڕۆژی قیامەت هەر بەتەڕی بمێنێتەوە!) پیاوێ دوای گەڕانەوە لەگۆڕستان وای گوت.**

**لەکاتی ناشتنی تەرمەکەدا درەختێك لەتەنیشت گۆڕەکەوە نەدەبینرا، تا هیچ نەبێت هەندێك لەو خەڵکەی تەماشای ناشتنەکەیان دەکرد لەژێریدا کۆببنەوە. ئەو بارانە لەماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو خاکی گۆڕستانەکەی کرد بەقوڕو خەڵکەکە بەنێو قوڕو چڵپاودا لەهاتوچۆدا بوون. دڵۆپە گەورەکانی ئەو بارانە ئەوەندە بەخێرایی دەکەوتنە سەر ئاوی بچوك بچوکی وەستاوی بەردەم خەڵکەکە، لەکاردانەوەدا پرژە قوڕی تا نزیك ئەژنۆکانی ئەو کەسانە دەهێنا کە بەدیار ناشتنی تەرمەکەوە وەستابوون. لەکاتی دانانی بەردە ئامادەکراوەکاندا بۆ نێو گۆڕەکە، پیاوێك ئەوەندە بەتوندی دەستی بەر لێواری تیژی بەردێك کەوت، تا چەند مانگێکیش ئەو برینەی ساڕێژ نەبوو کە لەو ئێوارەیەدا برینداربوو. لەو کاتەدا کەس بەبرینداربوونی دەستی ئەو پیاوەی نەزانی، تادوای چەند رۆژێك خۆی باسی کرد.**

ئــــەوەی بـــەلای زۆربــــەی خەڵکەکـــەوە جێگــــەی سەرسوڕمان بوو, ئەوەبوو کە بۆچی لەو ئێوارە درەنگەدا تەرمەکەیان ناشت و نەیانخستە رۆژێکی تر. زۆربەی ئەو کەسانەی لەگۆڕستانەکەدا ئامادەبوون, بەوە پاساوی ئەو پەلەکردنەیان دەدایەوە کە کەس نەیدەزانی لەو ئێوارەیەدا ئەو هەموو بارانە دەبارێت.

پیاوێک دوای دوو هەفتە تێپەڕبوون بەسەر ئەو ئێوارەیەدا دەیگوت(ئەو ئێوارەیە زۆرم لەخەڵکەکە کرد ناشتنی ئەو پیاوە دوابخەن بۆ سبەینێ, چونکە هەر لەخۆمەوە هەستم بەشتێك دەکردو وام بەخەیاڵدا دەهات بەو ئێوارە درەنگە ئەو پیاوە نەنێژرێت باشترە, بەڵام کەس گوێی بەقسەکەم نەدا!). ئەگەرچی کەس گوێی لەو قسەیە نەبووبوو کە ئەو پیاوە لەو ئێوارەیەدا کردبووی, بەڵام هەموو جارێك کە باسی نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ئەو ئێوارەیە دەکرا, ئەو وای دەگوت! هەندێك لەوانەی لەناشتنی ئەو پیاوەدا ئامادەبوون, ئەو ئێوارەیەیان زۆر بەنائاسایی دەهاتە بەرچاوو پێیانوابوو هەروا لەخۆڕا ئەو هەموو بارانە داینەکردووە. دەیانویست بارینی ئەو بارانە زۆرە بدەنە پاڵ مردنی ئەو پیاوە.



ئەگەرچی ئەو پیاوە بەهۆی سروشتی هەڵسوکەوت و کەسێتییەوە زۆر کەس خۆشیان نەدەویست, بەڵام لەدوای مردنی لەلایەن خەڵکەوە هیچ ئاماژەیەك هەست پێنەدەکرا دەربارەی خراپیی ئەو پیاوە. چەند مانگێکیش دوای ئەوە کاتێك خەڵکی گەڕەك لەشوێنێکدا کۆدەبوونەوەو باسی مردنی ئەو پیاوەیان دەکرد, دایکی هەموو جارێك بەبەردەوامی دەیویست بڕوا بەو کەسانە بهێنێ کە کوڕەکەی لەپێش مردنیدا هەستی کردووە کە دەمرێت. هەربۆیە لەهەموو کاتێکی باسکردنی کوڕەکەیدا دەیگوت(لەسەرەتای نەخۆشییەکەیەوە پێیوتم چیدی ئەمجارەیان چاك نابمەوەو ئەم نەخۆشییە دەمکوژێت!). لەگەڵ ئەوەی ئەو پیاوە بەهۆی نەخۆشییەوە نزیکەی شەش مانگ لەجێگەدا کەوتبوو, بەڵام هیچ کاتێك دایکی لەپێش مردنی کوڕەکەیدا ئەو قسەیەی لای کەس نەدرکاندبوو!

هەرکاتێك باسی ئەو بارانە زۆرەیان دەکرد لەئێوارەی ناشتنی ئەو پیاوەدا, دایکی سەرسام دەبوو, چونکە بەدرێژایی ناشتنی کوڕەکەی بەهیچ شێوەیەك هەستی بەبارینی باران نەکردبوو!

ئەوکاتەی تەرمەکەیان بۆ نێو گۆڕەکە شۆڕکردبۆوە, ئاو چەندین جۆگەلەی باریکی لەدەوری گۆڕەکە دروست

کردبوو, نێو گۆڕەکەی پڕکردبوو لەئاو. سێ کەس تەرمەکەیان لەنێو تابوتەکەوە هەڵگرت و بۆ نێو چاڵەکەیان شۆڕکردەوە, گۆڕەکە بەشێوەیەك هەڵکەندرابوو زۆربەی باراناوی نێو گۆڕەکە لەشوێن سەری تەرمەکەوە کۆببۆوە. داکی ئەگەرچی لەتاو گریان تەماشی ناشتنی کوڕەکەی نەکردبوو, بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر مردنی کوڕەکەیدا, خەونی پێوە دیبوو. بۆ ژنە دراوسێکانی گێڕابۆوە لە خەونیدا کوڕەکەی لەنێو گۆڕەکەدا بینیوەو شوێن سەری پڕبووە لەئاو. هەرچەندە دایکی لەدوای ئەو خەونەوە تکای لەهەندێ کەس کرد کە بچن گۆڕی کوڕەکەی هەڵبدەنەوە, بەڵام هەرچۆنێك بوو خەڵکەکە ڕازییانکرد کە لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە.

دایکی بەبەردەوامی لەناو خەڵکدا باسی لەوە دەکرد زۆربەی نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە بەنەخۆشی مردوون و هەمووشیان لەتەمەنێکی دیاریکراودا دەمرن و ئەوەندەیان جیاوازی لەنێواندا نەبووە. هەربۆیە هەموو جارێك دەیگوت(هیچ یەکێك لەو بنەماڵەیە تەمەنی نەگەیشتۆتە پەنجا ساڵ !). مردنی کوڕەکەی بەحەسرەتێکی گەورەی ئەو بنەماڵەیە لەقەڵەم دەدا, نەك تەنها لەبەرئەوەی کەکوڕی بوو, بەڵکو زیاتر باسی ئەوەی دەکرد کە کەسیان هێجگار لەو تەمەنە کورتەدا نەمردبوون, چونکە کوڕەکەی لەتەمەنی سی و



چوار ساڵیدا مرد. ئەمەشی بۆ یەکەمینجار لەسێیەم ڕۆژی پرسەکەدا بەخەڵکەکەی وتبوو.

لەڕۆژانی پرسەکەدا بەهۆی زۆری ئەو خەڵکەی سەردانی ماڵی ئەو پیاوەیان دەکرد, ناچاربوون خەڵکەکە دابەشبکەن بەسەر هەموو بەشەکانی ماڵەکەدا. ژوورەکان و هەیوانەکەو ڕاڕەوەکان, تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە ژوورە بچکۆلەکەی پشتەوەی ماڵەکەش چۆڵ بکەن, تاکو خەڵك لەوێش دابنیشێ. لەچۆڵکردنی ئەو ژوورە بچکۆلەدا کە کەلوپەل و شتی زیادەی تێدا دانرابوو, هەموان بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەوهەموو چەترەیان دەکرد کە چەند منالێکی دراوسێ دەیانبردنە دەرەوەی ژوورەکە. چەترەکان لەهەموو ڕەنگ و جۆرێك بوون, ڕەش و سوورو سپی و ڕەنگاوڕەنگ. چەتری وەهای تێدابوو زۆر گەورە بوو, لەهەمان کاتیشدا چەتری بچوکیشیان تێدابوو. منالێکی دراوسێیان لەگوێزانەوەی چەترەکاندا بەشداریی کردبوو, بۆ دایکی گێڕابۆوە کە خۆی چەترەکانی یەك یەك ژماردووە, ژمارەیان شەست و هەشت چەتر بووە.

ئەو منالە خوویەکی سەیری لەگەڵ ژماردنی ئەو شتانەدا هەبوو کە بەرچاوی دەکەوتن. جارێك لەگەڵ دایکیدا چووبوون بۆ ماڵێکی دراوسێیان, کاتێك گەڕابوونەوە دایکی

لەنێو خێزانەکەدا باسی ئەو پەردە جوانەی کردبوو کە لەماڵی دراوسێکەیان بینیبوویان. بەڵام منداڵەکەی خێرا وتبووی پەردەکە لەسەرەوە بەبیست و یەك ئەڵقەی ئاسن هەڵواسرابوو. چەندین حاڵەتی لەو شێوەیە لەو منداڵەدا بەدی دەکرا دەربارەی ژمارەکردنی ئەو شتانەی بەرچاوی دەکەوتن, کەخێزانەکەیان زۆرجار لەنێو خەڵکیدا دەیانگێڕایەوە. ئەگەرچی ئەو منداڵە بەهیچ شێوەیەك ئەو پیاوەی خۆشنەدەویست, بەڵام وەك ئارەزوویەك لەو ئێوارە درەنگەدا لەگەڵ خەڵکەکە چوو بۆ گۆڕستان.

ئەو منداڵانەی لەناشتنی تەرمەکەدا ئامادەبوون, هەموان وەك رۆژێکی خۆش باسیان لەو ئێوارەیە دەکرد. بەپێچەوانەی گەورەکانەوە کە پێیانوابوو ئەو ئێوارەیە یەکێك بوو لەو رۆژە ناخۆشانەی هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. چونکە ئەو ئێوارەیە ئەوەندە بارانیان بەسەردا باریبوو, کە دواتر لەکاتی باسکردنی ئەو رۆژەدا مردنی ئەو پیاوەیان بیردەچۆوەو هەموان باسی بارانەکەیان دەکرد.

ژنێك کە خۆی دەیگوت نەوەدو یەك ساڵم, بەڵام چەند کەسێك بەتەمەنتریشیان دادەنا, لەو ئێوارەیەدا کاتێك لەپەنجەرەی ماڵەکەیانەوە تەماشای بارانەکەی کردبوو, دەیگوت(گەورەیی و خێرایی دڵۆپەکانی ئەو بارانە زۆر



سەرسامی کردم, چونکە بەدرێژایی تەمەنم باران بارینی لەو شێوەیەم نەبینیوە!).

ئەگەرچی ئەو پیاوە لەپێش مردنیدا زۆر بەکەمی لەگەڕەکدا دەردەکەوت, بەڵام دوای ئەوەی مرد زۆربەی شەو دەهاتە خەوی ئەو کەسانەی دەیانناسی. هەندێجاریش کە خەوەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە, وا رێدەکەوت خەوی دوو کەس لەیەکتری بچێت! ئەوکاتەی باسی ئەو خەونانەیان دەکرد کە بینیویانە, پیاوێك بیرکردنەوە لەو ئێوارەیەی پیاوەکەیان تێدا ناشت دەگەڕاندەوە بۆ سەرچاوەی خەونەکان. چونکە پێیوابوو ئەوانە بەزۆری لەکاتی نوستندا بیر لەو ئێوارەیە دەکەنەوە. ئەو خەونانەی نەدەگەڕاندەوە بۆ بیرکردنەوە لەڕۆژانی ژیانی ئەو پیاوە. لەبەرئەوەی ئەو پیاوە لەژیانیدا پەیوەندییەکی ئەوەندە پتەوی بەکەسەوە نەبوو, تا چەند یادگارییەك ببێتە هۆی ئەو خەونانە. هەربۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی دەیانناسی خۆشیان نەدەویست, تەنانەت منداڵانی گەڕەکیش حەزیان نەدەکرد بەهیچ شێوەیەك بیبینن. هەموو جارێك کە منداڵانی گەڕەك لەکۆڵانەکەی ئەواندا یارییان دەکرد, ئەو دەرگای ماڵەکەی دەکردەوەو داوای لەمنداڵەکان دەکرد ئەو ناوە چۆڵ بکەن و یارییەکەیان دووربخەنەوە. بەڵام ئەوان بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنەکەوە حەزیان دەکرد لەبەر

دەرگای ماڵی ئەواندا یاریی بکەن. ڕۆژێك منداڵەکان بەتۆپ یارییان دەکردو چەند جارێك تۆپەکەیان بەر دەرگاکەی ماڵی ئەوان کەوت, ئەویش کاتێك هاتە دەرەوە تۆپەکەی بەردەست کەوت و بردییە ژوورەوەو بەدڕاوی بۆی هەڵدانە دەرەوە. تۆپەکەش هی ئەو منداڵە بوو کە خووی بەژماردنی ئەو شتانەوە گرتبوو ڕۆژانە بەرچاوی دەکەوتن.

هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی وا هەستیان دەکرد ئەو پیاوە رقی لەهەموو کەسێکەو حەز بەبینینی هیچ کەسێك ناکات. بەڵام لەدوای مردنی, هەست بەو شێوە تەماشاکردنە نەدەکرا, چونکە هیچ یەکێك لەوانە بەخراپیی باسی ئەو پیاوەی نەدەکردو بارانی ئەو ئێوارەیەش سەراپای باسکردنەکانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە. هەرچەندە زۆری ئەو بارانە وایکردبوو بەخێرایی مەراسیمی ناشتنەکە ئەنجام بدەن, بەڵام کارەکان بەدەستەوە نەدەهاتن و هەرچۆنێك بوو ماوەیەکی زۆر بەو ناشتنەوە سەرقاڵبوون. بەبڕوای هەموو ئەوانەی بەشدارییان لەناشتنی ئەو پیاوەدا کردبوو, هۆی دواکەوتنیان و زۆر مانەوەیان لەگۆڕستان دەگەڕاندەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەو خەڵکەی لەو ئێوارەیەدا ئامادەبوون. لەناشتنەکەدا زۆربەی کەس بەپێشنیارو راسپاردەکانیان کاتی ناشتنەکەیان زۆر لەکاتی ئاسایی خۆی درێژکردبۆوە. یەکێك



هاواری دەکرد نایلۆن بدەن بەسەر تەرمەکەدا پێش ئەوەی بەردەکان دابنێن. یەکێکی دی پێیباشبوو تەرمەکە بگیرێتە نایلۆن و توند ببەسترێت. ئەمانەو چەندین راسپاردەو بیروڕای جیاوازی دیکە وایکرد ماوەیەکی زۆر لەبەر باراندا بمێننەوە.

زۆری ژمارەی ئامادەبوانیش لەمەراسیمی ناشتنی تەرمەکەدا دەگەڕایەوە بۆ ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی ئەوی تێدا مرد، چونکە ئەو پیاوە لەنیوەڕۆی ڕۆژی هەینیدا مرد. هەربۆیە زۆربەی ئەوانەی لەنوێژی هەینی ئەو مزگەوتەدا ئامادەبوون کە ئەویان تێدا شت، بەشدارییان لەناشتنەکەدا کرد. هەندێك لەو بڕوایەدا بوون ئەگەر ئەو پیاوە لەوکاتەدا نەمردایە، بڕوا نەدەکرا ئەوەندە کەس لەکاتی ناشتنیدا ئامادەبن.

ئەگەرچی زۆر کەس ئەو پیاوەیان خۆش نەدەویست، بەڵام پیاوێك هەموو جارێك لای خەڵك دەیگوت(ئەو پیاوە لەدوورەوە وادەردەکەوت، دەنا ئەگەر لەنزیکەوە بتانناسیایە، لەڕوانینەکانی سەرەتاتان پەشیمان دەبوونەوە!). ئەوەشی دەکردە بەڵگە کە خۆی لەمناڵییەوە هاوڕێی بووە، تا ئەو ڕۆژەی کە مرد هیچ ناخۆشییەك لەنێوانیاندا دروست نەبووە. بەڵام زیاتر بێدەنگی و دوورەپەرێزیی وایکردبوو خەڵك بەو شێوەیە لێی بڕوانن. تەنانەت لەماڵیشەوە زۆربەی کات لەژووری پشتەوەی ماڵەکەدا دادەنیشت و خۆی بەچەند

شتێکەوە سەرقاڵ دەکرد. ئەو ژوورەی لەژوورەکانی دیکەی خانووەکە بچووکتر بوو، هەندێ شتی زیادەیان تێدا دانابوو، هەموو خێزانەکە بەژووری پشتەوە ناویان دەبرد. جگە لەو پیاوە ئەندامانی دیکەی خێزانەکە زۆر بەکەمی دەچوونە ئەو ژوورە. بەلاّم لەڕۆژانی پرسەکەدا ناچاربوون خەڵك ببەنە ئەوێش. لەوکاتەشدا هەموو ئەو چەترانەی ئەو پیاوە لەمناڵییەوە تا ڕۆژی مردنی کۆیکردبوونەوە لەو ژوورەدا دانرابوون.

دایکی بڕیاریدا بوو ئەو چەترانە لەشوێنێکی باشدا هەڵبگیرێن و بەهەموو ئەندامانی خێزانەکەشی ڕاگەیاندبوو کە ئاگاداری چەترەکان بن و وەك یادگارییەکی بەجێماوی کوڕەکەیان بیپارێزن.

هەربۆیە دوای دوو هەفتە تێپەڕبوون بەسەر مردنی کوڕەکەیدا، هەموو چەترەکانی لەنایلۆنێکی گەورەوە ئالأندو بەپەتێکی ئەستوور لەناوەڕستدا توند بەستی و لەژوورەکەی پشتەوەدا هەڵیگرتن. بەلاّم هەموو ئەو حەبانەی کە نزیکەی نیو عەلاگە دەبوون و کوڕەکەی لەکاتی نەخۆشییەکەدا دەیخواردن، فڕێیدان، چونکە پێیوابوو خواردنی ئەو حەبانە بوونەتە هۆی مردنی کوڕەکەی.



دایکی زۆربەی کات هۆکاری ئەو شێرپەنجەی گەدەیەی کە کوڕەکەی پێوەی دەینالأند، دەگەڕاندەوە بۆ ئەو پەڕۆ کۆنانەی کە کوڕەکەی لەمناڵیدا دەیخستنە دەمییەوە. چونکە کوڕەکەی بەمناڵی هەر پەڕۆیەکی بەردەست بکەوتایە سوچێکی دەخستە دەمی و تەڕی دەکردو ماوەیەکی زۆر لەدەمیدا دەمایەوە.

کاتێك مرد کەس تووشی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە دەیانزانی هەر ڕۆژێك بێت ئەو پیاوە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەمرێت. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە لەدوای مردنی خەڵك زیاتر باسی بارانەکەو ئەو ژمارە زۆرە بکەن کە لەگۆڕستانەکەدا ئامادەبوون، هەموو جارێکیش لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو ئێوارە درەنگەدا، ژمارەی ئامادەبوونیشیان دەستنیشان دەکرد، کە شەست و حەوت کەس بوون. ئەوەش ئەو مناڵە پێی ڕاگەیاندبوون، کە خووی بەژماردنی ئەو شتانەوە گرتبوو، ڕۆژانە بەرچاوی دەکەوتن.

زستانی2002

# گەڕانەوەی پیاوێك

# لەتاریکیدا

(رەنگە چەند ساڵێکی دی هەموو ئەوانەی بەدەم چڕینی ئاوازێکەوە دەچنە دەرەوە، کەسیان حەز بەوە نەکەن کە جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خاڵی دەستپێکردن و هەنگاونانیان!).

ئەمەی وتو بە بەردەوامیش وەك کەشتیوانێك چۆن بۆ کەناری دوورگەیەك بڕوانێت، تەماشای ئەو نەمامەی دەکرد کە لەودیو پەنجەرەکەوە تازە لەچرۆکردندابوو. وایبەخەیاڵدا دەهات هەموو شتێکی دەوروبەری لەژێر چاودێری ئەودان و گشت دیاردەکانیش وایان دەخستەڕوو هەموان چاوەڕێی فرمانەکانی ئەون، بەڵام چوارچێوەی ئەو ژوورەی لا ببوە هەسارەیەکی دیکەو رەنگ و رووخسارو دەسەڵاتی ئەوی لەچواردەوری دووردەخستەوە. تاریکبوونی ئەودیو پەنجەرەکەو دەنگی باڵەکانی پەپوولەیەك کە بەدەوری گڵۆپی



ژوورەکەدا سوڕی دەخوارد، نیگای بۆ سەر خۆی گوێزایەوە. ئەو پەپوولەیەی بەگەردی باڵەکانیدا وا دەردەکەوت هێشتا فریای گوێزانەوەی هەلاڵەیەك نەکەوتبێت بۆ پیتێن.

وەك بۆڵەیەك لەبەرخۆیەوە وتی (رقێکی ئەستوورم بەرامبەر ئەو کەسانە هەیە پاش ماوەیەکی دیکە دەربارەی مناڵیت پرسیارت لێدەکەن، چونکە هەموو ئەوانەی رەنگە دوای ماوەیەکی دی لێرەوە تێپەڕن پێویست ناکات بزانن ئێمە لەئێستادا چیمان کردووە، بەڵکو دەبێت هەوڵی وێناکردنی هەموو ئەو شارو دەریاو باخچەو ڕێڕەوانە بدەن کە پاش ماوەیەك پیایاندا تێدەپەڕن).

دوورکەوتنەوی پەپوولەکە لەگڵۆپەکەو گەڕانی بەنێو ئاسمانی ژوورەکەدا، خەیاڵی وەستاندو چوارچێوەی ژوورەکەی وەك تۆڕێك بۆ فڕینی ئومێدەکانی هاتەوە بەرچاو. بەخێرایی چاوی بەدیوارە خاوێن و دەرگاو پەنجەرە تازە بۆیەکراوەکاندا گێڕا، تا لەکۆتایدا نیگای لەسەر تابلۆی ژوورەکە لەنگەری گرت، وێنەی شارێك بوو لەسەر هەساری

مەریخ و چەند ئاپارتمانێکی شوشەیی و رازاوە بەرەو ئاسمان هەڵچووبوون. دوای تێرامانێکی زۆر خۆی لەیەکێك لەژوورە شوشەییەکانی ئاپارتمانێکدا بینییەوە، لەسەر کورسییەکی رووپۆشراو بەئاوریشم دانیشتبوو. بیری لەگەرەبوونی شارەکان و چڕیی دانیشتوانی سەر هەسارەی مەریخ دەکردەوە. رۆژانە خەڵکی لەشەقام و کۆڵانەکاندا لەپاڵەپەستۆدابوون بۆ هاتوچۆکردن. نەخشەیەکی بۆ بەربەستیکردن لەچڕیی دانیشتوان لەڕێگەی ئامێرێکی زۆر بچوکەوە بەدەنگ دادەڕشت! ئەوەندە سەرقاڵبوو پێدەچوو بەدرێژایی بیست و پێنج ساڵی تەمەنی سەرقاڵبوونی لەو شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیبێت.

دەنگی هەورەبروسکەیەك لەوکاتەدا هێنایەوە نێو ژوورەکە، چاوی لەسەر تابلۆکەوە بۆ پەنجەرەکە پێ گوێزایەوە، تەماشایکرد نمەبارانێك بەسەر گەڵاو لق و پۆپی درەختەکاندا دەباری. لەچاوتروکانێکدا گەڵاکانی درەختەکە زەرد هەڵگەڕان و دەستیانکرد بەهەڵوەرین و لەچاوتروکانێکی



دیکەدا درەختەکە چرۆی کردەوەو رەنگی سەوز سەراپای درەختەکەی داپۆشی. پاش ماوەیەك هەڵوەرین و پوکانەوەی جەستەی پەپوولەکە وەك سوتوی پەڕۆیەکی سوتاو لەسەر تاقی پەنجەرەکە سەرنجی بۆلای خۆی راکێشا. پاشان بۆ گەڕان بەدووی گەردی باڵەکانی پەپوولەکەدا سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. ساپیتەی ژوورەکە وەك چاودێرێك بەسەر ئازادی ئاواتەکانییەوە وەستابوو، کە ببووە رێگرێك لەهەڵفڕینی خەیاڵی. هەستی دەکرد ئەو ساپیتەیە فشارێکی گەورەی خستۆتە سەر لقهاویشتنی خەونەکانی و ئەستەمە بتوانێت بەبێ رووخاندنی ئەو ساپیتەیە ئارەزووەکانی فەراهەم بکات. هەربۆیە وتی (پێدەچێت تۆ بتوانیت بەشەقامە خاوێن و رووناکەکانی روانیندا ئازادانە گوزەر بکەیت و ئاوڕیش لەو رووخسارانە نەدەیتەوە کە ئارەزووی بینینیان ناکەیت و بێبنەماش ستایشی هیچ راوچییەك نەکەیت، بەڵام لەژێر سایەی ئەو ساپیتەیەدا تۆ دەبێت بەکۆت و زنجیرەوە بەشەقامە پیس و تاریکەکاندا تێپەڕیت، بەبەردەوامی لەو رووخسارانە

بڕوانیت تا سەرئێسقان دزێون و لەخۆڕاش بەشانوباڵی راوچییەکاندا هەڵدەیت!).

هەر لە سەر کورسییەکەیەوە وەك دڵدانەوەیەك ڕووی بەرەو تابلۆکە وەرگێڕا. لەگەڵ یەکەم نیگای تابلۆکەدا ڕەنگی تێکچوو، ددانەکانی لەسەر یەك توند بوون و چاوی چەپی زیاتر کرایەوە. چونکە تابلۆکە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو، وێنەی کۆمەڵێك ئافرەت و پیاوی نیوەپۆشتەی دەنواند، لەدارستانێکدا سەرقاڵی ڕنینەوەوکۆکردنەوەی گەڵاو لق و پژوپۆی درەختەکان بوون و بەسەرو رووخسارياندا لە مەیمون دەچوون! دڵی توند گوشراو نەیتوانی بۆ ماوەیەك لەو دیمەنە بڕوانێت، هەربۆیە بەخێرایی رووی وەرچەرخاندو لەپەنجەرەکەوە چاوی چەپی بڕییە درەختەکە. قەدی درەختەکە تا رادەیەکی باش ئەستوور بووبوو، پژوپۆشی بەدەوری خۆیدا بڵاوتر دەینواندو تا دەهات گەورەتر دەبوو. چونکە شەوو رۆژو مانگ و ساڵەکان هێندە بەخێرایی بەدووی یەکدا دەهاتن، کە کێشانی جگەرەیەك



شەوو رۆژەکانی مانگێکی لەگەڵ خۆیدا دەسووتاند! خۆر هێندە بەخێرایی هەڵدەهات و ئاوادەبوو، وەك دیمەنی کشانی ئەستێرە دەهاتە بەرچاو. ماوەیەك تەنها فریای هەڵکردن و کوژاندنەوەی گڵۆپی ژوورەکە دەکەوت، هەربۆیە دوای ماندووبوونێکی زۆر وازیهێناو بڕیاریدا ساتێك بەتاریکی و ساتێك بەڕووناکی بەرێتە سەر. رووی لەپەنجەرەکە وەرگێڕاو بەئاهێکەوە چاوێکی بەدەوروبەری ژوورەکەدا گێڕا، بەرچاوی لێڵبوو، چونکە هەستی دەکرد ئەو دیوارانە لەدەوروبەرەوە پاڵەپەستۆی دەخەنە سەرو دەیانەوێت هەموو روانینەکانی لەچوارچێوە بدەن. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا دیواری لای راستی ئەو ژووره پێی راگەیاندبوو: لەکاتی نزا کردندا دەستەکانی بەکراوەیی بەرزبکاتەوە بۆ ئاسمان! یان دیواری لای چەپ ئاگاداری کردبۆوە کە نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا بکات، چونکە خێری لەهەموو نوێژەکانی دی زیاترە! جگە لەمانەش شەوێك هەردووکیان بەتوندی هاواریان بەسەردا کردبوو، کە دەبێت خۆی بەبەرپرسیار بزانێت لەبەرامبەر

کەسانی دەوروبەریدا. ئەویش تەنانەت گرنگی بەو کارانەش نەدەدا کە پەیوەندییان بەخودی خۆیەوە هەبوو. هەربۆیە لەو کاتەدا لەدیوارەکەی دەڕوانی لەدڵی خۆیدا وتی(ئەم دیوارانە بەتوندی لەچواچێوەیەکی تەسکدا لەقاڵبت دەدەن و بەشێوەیەکی فراوان و ڕەوا سزا بۆ هەموو ئارەزووەکانت دادەڕێژن و بواری تەنها مەودایەکی بچوکیش بۆ تێڕامانت ناهێڵنەوە، بەچوونە دەرەوەشت لەو چوارچێوەیە دەبیتە بێنرخترین کاهینی ئەم سەر زەوییە).

دوای بێزاربوون لەدیوارەکان جارێکی دی نیگای بۆ سەر تابلۆکە گوێزایەوە، تەماشایکرد تابلۆکە گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەردا هاتووە. وێنەی کۆمەڵێك پیاوی نورانی دەنواند کە سەرقاڵی دابەشکردنی کۆمەڵێك کتێب بوون بەسەر خەڵکیدا، ڕووخساریان تەلیسمی مژدەیەکی ئایندەی لێدەباری. بەسەیرکردنی ڕووخساری ئەواندا بۆ ماوەیەك ئاوڕی لەڕووخسارو جەستەی خۆی دایەوە. تەماشایکرد قژو ڕیش و سمێڵی لەگەڵ درێژبووندا ناوبەناو تاڵی سپیشیان



تێکەوتووە، بەوەشدا بۆی ئاشکرابوو چەند ساڵێك لەتەمەنی تێپەڕیوە. وەك گومانێك دەستی بەسەر ڕووخساریدا هێنا، چەند چرچولۆچێك لەدەموچاویدا ڕێگەیان لەخێرایی دەستی گرت، لێرەشەوە پیربوونی خۆی بەتەواوی لا بوو بەیەقین.

دەنگی بایەکی بەهێز لەپەنجەرەکەوە سەرنجی ڕاکێشاو خەیاڵی بەتەواوی لەخۆی دوورخستەوە. گەورەبوونی درەختەکە بایەکەی لەبیربردەوە. لەکاتی تەماشاکردنی گەڵا ڕژاوەکانی سەر تاقی پەنجەرەکەدا، ژەنگی پەنجەرەکە زۆر سەرسامیکرد، چوارچێوەی پەنجەرەکە لەداخوران و داڕزاندا بوو. بەخێرایی ڕووی بەرەو دەرگاکە وەرگێڕا، تەماشایکرد بەهەمانشێوە ژەنگ وەك کاژی مار چەند توێژاڵێکی لەدەگاکەوە هەڵوەراندۆتە سەر زەوی ژوورەکە. بەو پارچە ژەنگانەدا زەوی ژوورکەی کەوتەوە یاد، کە بەبڕوای ئەو وەك سێبەری خۆی بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لێی دەرباز بێت و هەمیشە بەدوویدا ڕادەکات. هەربۆیە وتی(سیما ڕیشەییەکانی ئەم زەوییە وەك مۆرێك بەنێوچەوانتەوەیەو لەهەرشوێنێك

بدوێیت یان گوزارشت لەخۆشی یان ناخۆشییەك بكەیت، خێرا دەتناسنەوەو دەچیتە نێو چوارچێوەی چەند سیفەتێكی گشتییەوەو تایبەتمەندیی خودی خۆت وەك لەدەستدانی كۆلارەیەك دوای پچڕانی دەزوولەكەی لەدەست دەدەی. بەڕاكردنیش لەسروتەكانی ئەو زەوییە، دەبیتە خۆفرۆش و بێوەفا!).

لەسەرو ئەمانەشەوە ئەوەی زۆر بێزاری دەكرد ئەوەبوو ئەو زەوییە دەیبەستەوە بەڕابوردووەوە، ئەویش بەبەردەوامی لەڕابوردوو هەڵدەهات. ئەو چاوی راستی لەیەكێك لەجەنگە خوێناوییەكانی بەرگریكردندا لەدەستدابوو، هەربۆیە تەنها بەچاوی چەپ دەیڕوانی، بەڵام هەرگیز حەزی نەدەكرد دەربارەی لەدەستدانی ئەو چاوەی پرسیاری لێبكەن. تەنانەت حەزی بەوەش نەدەكرد دەربارەی مناڵیشی پرسیاری لێبكرێت. جارێك زۆر بەتوڕەییەوەو لەوەڵامی پرسیارێكدا روویكردە هاوڕێیەكی و پێیوت: هەموو مناڵی من ئەوەبوو قامیشێكی درێژم دەهێناو لەنێو قاچەكانمدا دامدەناو



دەستێكم پێوەدەگرت و بەدەستەكەی تریش دارێكی كورتم پێبوو خێرا خێرا دەمدا بەقامیشەكەدا، وەك ئەوەی بەسەر ئەسپێكی ئەفسانەییەوەبم رامدەكرد، بەبێ ئەوەی گوێ بەهیچ سنورێك بدەم، بەڵام بێ ئەوەی خۆم ئاگاداربووبم بەنوكی قامیشەكە چەندین هێڵو سنورم لەسەر خۆڵەكە بەدوای خۆمدا بەجێدەهێشت!

بۆ دەربازبوون لەڕێساكانی ئەو زەوییە جارێكی دی چاوی بۆ سەر تابلۆكە گوێزایەوە، ئەمجارەش تابلۆكە گۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەردا هاتبوو. وێنەی كۆمەڵێك خەڵك بوون بەچەكوش و داسەوە بەسەر شەقامێكی پاندا دەڕۆیشتن و هەریەكەو دەستێكی بەرزكردبۆوەو بەلافیتەكانی دەستیاندا پێدەچوو خۆپیشاندانێكی گەورەیان سازدابێت و داوای گۆڕانكارییەكی سەرتاسەریی بكەن. ماوەیەكیش لەتابلۆكە راماو دواتر دەستی بەڕیشیدا هێناو هەستیكرد تەمەنێكی لەسەیركردنی دیمەنی ئەو تابلۆیەدا بەسەربردووە!

لەو کاتەشدا بۆی دەرکەوت دەستەکانی بەتەواوی لەرزۆکبوون.

کاتێک بەخێرایی چاوی بەدەرگاو بەپەنجەرە ژەنگاوییەکاندا گێڕاو تەماشای دیوارەکانی کرد، بۆی دەرکەوت وەك ریشاڵەکانی سەر گەڵایەك درزێکی زۆر کەوتبووە سەر دیوارەکانی ژوورەکە. لەوکاتەدا بۆی ئاشکرابوو لەشی بەتەواوی لاوازبووەو چاوی زۆر کزبووەو دەستەکانیشی وەك پڕۆپۆی درەختێکی بەر رەشەبایەکی بەهێز دەلەرزن. هێواش هێواش سەری بۆلای تابلۆکە وەرگێڕا، تەماشایکرد لەتابلۆکەدا کۆمەڵێك خەڵك سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون. هەر سێ چوار کەس بەجیا لەگەڵ یەکدی دەدوان. هەبوو پشتی بەپشتی یەکێکی دیکەوە نابوو، هەمووو پێکەوە قسەیان دەکرد. پیاوێك لەناوەڕاستدا بەسەرسامییەوە دەیڕوانی، پێدەچوو نەزانێت گوێ لەکێ بگرێت!

ورده ورده تابلۆکە گۆڕاو رەش داگەڕا، هەربۆیە ئاوڕی لەپەنجەرەکە دایەوەو تەماشایکرد پڕۆپۆی درەختەکە



بەتەواوی پانتایی پەنجەرەکەی داگیرکردبوو. لق و گەڵاکانی هاتبوونە نێو ژوورەکە، هیچ مەودایەکیان بۆ رووناکی نەهێشتبۆوە کە دزە بکات و خۆی بکات بەژوورەکەدا، هەربۆیە ژوورەکەی یەکپارچە تاریککرد. لەوکاتەدا کتوپڕ یادەوەرییەکی مناڵیی هاتەوە یاد کە شەوێك لەشەوەکانی زستان بوو، هەمووی چەند رۆژێك بەسەر مردنی باپیریدا تێپەڕیبوو، لەژوورێکی پشتەوەی ماڵەکەیان سەرقاڵی گەڕان بوو بەدوای تەسبیحەکەی باپیریدا، تا وەك یادگارییەك لای خۆی بیپارێزێت، بەڵام لەوکاتەدا گڵۆپی ژوورەکە کوژایەوەو ژوورەکە بەتەواوی تاریکبوو. بەتاریکی هەستایە سەرپێ و ویستی لەژوورەکە بچێتە دەرەوە. لەوکاتەی ئاوڕی لەدواوە دایەوە، تارمایی باپیری لەسوچێکی ژوورەکەدا هاتە بەرچاوی. هەردوو چاوی گرت و بەدەم هاوارکردنەوە رایکردە دەرەوەو خۆی لەژوورەکە قەتارکرد!!

هاوینی2002

ئەو ئێوارەیە

لەبەردەم دوکانەکەوە تێنەپەڕی

(لەدوورەوە تارماییەکم هاتە بەرچاو، کاتێك لێی نزیك بوومەوە تەماشامکرد تەرمێکەو خوێن بەسەر کراسە شینە کاڵەکەیدا بڵاوبۆتەوە. قاچی راستی نوشتابۆوە، دەستی چەپی لەسەر دڵی دانابوو. سەریشی بەلای چەپدا ئاوڕی دابۆوە).

ئەمە قسەی ئەو دوکاندارە بوو کە بەسیفەتی ئەوەی یەکەمین کەس بووە چۆتە سەر تەرمەکە، لەبەردەم ئەفسەری بەدواداچوونی ئەو تاوانەدا وەستابوو. دەیویست ئەوەیان لەلا روون بکاتەوە، ئەو هیچ زانیارییەك دەربارەی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە نازانێت. ئەوەی ئەفسەرەکەی زیاتر سورکرد لەسەر ئەوەی پرسیارێکی زیاد لەپێویست ئاراستەی دوکاندارەکە بکات، ئەو پێراگەیاندبوون پێشتر ئەو پیاوە کوژراوەی ناسیوەو هەموو ئێوارەیەکی درەنگ لەوبەر دوکانەکەیەوە تێپەڕیوە. رەنگە ئەوان بیانەوێت بەو پرسیارانە زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو تەرمە فڕێدراوە کۆبکەنەوە. بەڵام دوکاندارەکە وایدەزانی ئەوان دەیانەوێت کوشتنی ئەو پیاوە بهێنن بەسەر ئەودا. هەر ئەوەشبوو وایکرد لەکاتی قسەکردندا هەموو گیانی بلەرزێ و بەپچڕپچڕی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەگەرچی



ئەوان بەتەواوی لایان ئاشکرابوو ئەو دوکاندارە جگە لەوەی کە یەکەم کەس بووە بچێتە سەر تەرمەکە، هیچ دەربارەی کوشتنی ئەو پیاوە نازانێت. بەڵام هەرچۆنێك بوو شەوێك لەزینداندا هێشتیانەوە. دوکاندارکە ئەو شەوەی بەبیرکردنەوە لەو تەرمە بردە سەر. ئەو هەموو ئەو شتانەشی لەکاتی خۆیدا دەربارەی ئەو پیاوە بەگوێپێنەدانەوە بیستبوونی لەو شەوەدا دەیهێنانەوە بیری خۆی و لەوەدەچوو بەو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییە لەبیرچووەکانی بەدووی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوەدا بگەڕێت. بەتەواوی نەیدەتوانی بابەتێك بۆ کوشتنەکەی بدۆزێتەوە. دوکاندارەکە لەو شەوەدا هەرچەندێك کۆشا نەیتوانی بخەوێت و بەبەردەوامی بیری لەو پیاوە کوژراوە دەکردەوە.

ئەو شتانەی لەکاتی خۆیدا لەچەند هاوڕێیەکی دەربارەی ئەو پیاوە بیستبوونی، لەو شەوەدا هەموو بەسەرهاتەکانی بەبیر خۆیدا دەهێنایەوەو دەیویست بەشێوەیەك راڤەیان بکات کە هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوەی تیادا بدۆزێتەوە. بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت لەو شەوەدا کەوتە لێکدانەوەی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە. ئەو لەو گەڕانەوەیەدا بەهیچ شێوەیەك بکوژانی ئەو پیاوەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکو بەتەنها دەیویست هۆکاری کوشتنەکە ئاشکرا بکات. بەو ئێوارە کپ و خامۆشەداو دەرکەوتنی ئەو تەرمە لەکەشێکی زۆر ئارام و

بێدەنگدا، بەتەواوی لەوە دڵنیابوو، ئەو پیاوە لەشوێنێکی تر کوژراوە و هێناویانە لەوێدا فڕێیانداوە. لەوکاتەدا بیری لەشوێنی کەوتنی تەرمەکە کردەوە، لەپاڵ دیواری قوتابخانەیەکی ناوەندیی کچانەوە کەوتبوو.

ئەو دوکاندارە هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی خۆی لەسێبەری تەرمی ئەو پیاوە قوتاربکات، هەربۆیە ناچاربوو زۆر بەوردی هەموو ئەو ڕۆژانە بهێنێتەوە بیری خۆی کە ئەو پیاوەی تیادا بینیوە. ئێوارانی بیردەکەوتەوە، هەموو ئێوارەیەکی درەنگ ئەو پیاوە لەوبەر دوکانەکەی ئەمەوە تێدەپەڕی، هەموو جارێك لەوکاتەدا دەیبینی. لەکاتی خۆیدا بەهیچ شێوەیەك ئەوانەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بەڵام لەو شەوەدا وەك ئەوەی بەدووی شتێکی زۆر گەورەدا بگەڕێت، بەوردی هەڵسوکەوت و ڕۆیشتنی ئەو پیاوەی دەهێنایەوە یادی خۆی. ئێوارەیەك کاتێك ئەو پیاوە لەوبەر دوکانەکەی ئەمەوە تێپەڕی، لەوکاتەدا هاوڕێیەکی ئەم کە لەنێو دوکانەکەدا دانیشتبوو دەیگوت(ئەم مامۆستایە زۆر بەهێواشی بەڕێگەدا دەڕوات و بەهیچ شێوەیەکیش ئاوڕ ناداتەوە).

ئەو ئەگەرچی پێشتر چەند زانیارییەکی دەربارەی ئەو پیاوە لەهاوڕێکانی بیستبوو، بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەچووە ڕۆژێك لەڕۆژان ژیانی ئەو پیاوە بۆ ئەم ببێتە جێگەی



بایەخپێدان. جارێك هاوڕێیەکی دەیگوت(هەرگیز هەست ناکەیت ئەو پیاوە لەو گەڕەکەدایە، زۆر بێدەنگە، خۆی لەهەموو شتێك دەپارێزێت). لەگەڵ بەبیرهێنانەوەی ئەو ڕستانەشدا، کتوپڕ قسەی ئەو ژنەی بیرکەوتەوە کە دوای ئەوەی پۆلیس تەرمی مامۆستاکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، زۆر بەبێباکانە و لەبەرخۆیەوە وتی(ئەگەر شتێکی نەکردبێت بۆ دەکوژرێت؟).

ئەو لەو شەوەدا زۆر بیری لەچارەنووسی خۆی نەدەکردەوە، بەقەد ئەوەی دەیویست قورسایی بیرکردنەوەی لەو خاڵەدا چڕ بکاتەوە کە بیباتەوە سەر هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە. هیچی وای دەربارەی ژیانی ئەو پیاوە نەدەزانی تا ببێتە دەروازەیەك بۆ ئاشکراکردنی هۆکاری کوشتنەکەی. زۆربەی کاتیش گرنگی بەو قسانە نەدەدا کە پێشتر لەلایەن چەند کەسێکەوە دەربارەی ئەو پیاوە بیستبوونی، بەڵام هەرچۆنێك بێت لەو شەوەدا هەوڵیدا هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەو پیاوە پێشتر گوێی لێبووە بهێنێتەوە بیری خۆی. ئەوەی دەهاتەوە یادی تەنها چەند شتێکی کورت بوون و ئەوەش نەیدەگەیاندە هیچ ئاکامێك. دوکاندارەکە نەیدەتوانی بەو شتانەی لەڕابوردوودا بیستبوونی، هەڵسوکەوتی ئەو پیاوە لەچەند دێڕێکدا گەڵاڵە بکات، چونکە بەهیچ شێوەیەك

نەیدەزانی ئێوارەیەك ئەو پیاوە دەکوژرێت و تەرمەکەی لەنزیك دوکانەکەی ئەمەوە فڕێدەدرێت!

ئەو لەڕووکاری دەرەوەو بەتەنیشت دەرگای حەوشەی ماڵەکەیانەوە دوکانێکی بچووکی وردەواڵەفرۆشیی دروستکردبوو، رۆژانە چەندین کەس هاتوچۆیان دەکردو شتیان لێدەکڕی. ئەگەرچی ئەو پیاوە هیچ کاتێك سەردانی دوکانەکی ئەوی نەکردبوو، بەڵام هەموو ئێوارەیەکی درەنگ لەوبەر دوکانەکەیەوە تێدەپەڕی. هەموو ئەو کەسانەی ئەو پیاوەیان دەناسی بەکەسێکی ئاڵۆزیان لەقەڵەم دەداو پێیانوابوو کەس ناتوانێت بەتەواوی کەسێتیی ئەو پیاوە هەڵبسەنگێنیێ. ئەوکاتەی پۆلیس هاتنە شوێنی تەرمە فڕێدراوەکە و پرسیاریان کرد کێ یەکەمینجار تەرمەکەی بینیوە، دوکاندارەکە بەخێرایی چووبووە پێشەوەو پێیڕاگەیاندبوون ئەو یەکەمین کەس بووە لەدوورەوە تەرمەکەی بینیوە. ئەوەشی وایکرد ئەفسەرەکە پرسیاری زیاتر لەو دوکاندارە بکات، ئەوەبوو لەشوێنی تەرمەکەداو ئەوکاتەی دوکاندارەکەیان دەستگیر کردبوو، بەپۆلیسەکانی وتبوو(بەهیچ شێوەیەك ئەو کەسە ناناسم کە تەرمەکەی لەوێدا فڕێدراوە)، بەڵام لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا وتبووی(دەیناسم، بەڵام هیچ زانیارییەکم لەبارەیەوە نییەو تەنها ئەوەیە چەند جارێك بینیومە!). ئەوان



دەیانویست ئەو دیمەنانەی بەرچاوی کەوتوون تۆماری کردبێتن و رستەکانیش بەئەزبەرکراوی هەموو جارێك وەك یەك بڵێتەوە.

بەوپێیەی ئەو پیاوە بەر لەکوشتنی هەموو ئێوارەیەك لەبەردەم دوکانەکەی ئەوەوە تێدەپەڕی و زۆرجاریش ئەم لەکاتی تێپەڕبووندا چاوی پێکەوتبوو، دەیویست ئەو قسانە بەبیر خۆی بهێنێتەوە، کە چەند کەسێکی نێو دوکانەکە دەربارەی ئەو پیاوە درکاندبوویان! هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی تەواوی رستەکانی پێکەوە کۆبکاتەوە. ئەم دەیزانی ئەو پیاوە مامۆستایەو هەموو ئێوارەیەك بەبەردەم دوکانەکەی ئەمدا تێدەپەڕێت. ئەوەشی دەزانی کەماڵیان لەخوار دوکانەکەی ئەمەوەیە، بەڵام بەتەواوی ماڵەکەیانی نەدەزانی.

بۆ رۆژی دوایی و لەسەعات(10)ی سەرلەبەیانیدا، ئەوکاتەی ئەفسەرەکە لێیپرسی(چۆن ئەو پیاوە دەناسی و چ زانیارییەکت لەبارەیەوە هەیە؟

دوکاندارەکە لەوەڵامدا وتبووی(ئەو پیاوە مامۆستایەو ماڵیان لەخوار دوکانەکەی منەوەیە. هەموو ئێوایەرەك بەبەردەم دوکانەکەی مندا تێدەپەڕی و دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە).

ئەفسەرەکە وتی(چۆن دەزانیت مامۆستا بوو؟).

ئەویش بێ بیرکردنەوە بەئەفسەرەکەی راگەیاند(هەموو ئێوارەیەك لەبەردەم دوکانەکەمەوە تێدەپەڕی، ئەو کەسانە کە

لەنێو دوکانەکەدا دادەنیشتن، دەیانگوت ئەوە مامۆستایەو ناویشیان دەگوت، بەڵام من ناویم لەبیرنەماوە!).

ئەفسەرەکە وەك ئەوەی پەنجەرەیەکی بەڕووی هەڵدانەوەی نهێنییەکاندا کردبێتەوە، لەسەرخۆ وتی(لەو ئێوارانەدا کە ئەو پیاوە بەبەردەم دوکانەکەی تۆدا تێدەپەڕی، هیچ کەسێك لەوانەی لەنێو دوکانەکەدا دادەنیشتن، قسەیان بەو مامۆستایە دەگوت، یان وا دەردەکەوت رقیان لێبێت؟).

دوکاندارەکە وتبووی(ئەو کەسانە ئەگەر بەڕێکەوت لەدوکانەکەدا بوونایەو ئەو مامۆستایەش لەوبەرەوە بڕۆیشتایە، زۆرجار باسیان دەکرد، بەڵام باسکردنێکی ئاسایی بوو).

ئەفسەرەکە وتبووی(ئەوانەی لەدوکانەکەی تۆدا دادەنیشتن، بەتەواوی دەیانناسیت و دەزانی هەڵسوکەوتیان چۆنە؟).

ئەویش لەوەڵامدا وتبووی(هەموویان بەتەواوی دەناسم، هەڵسوکەوتیان باشە).

ئەفسەرەکە وتبووی(هیچ یەکێك لەوانە لەوەدەچوو پیاوکوژ بێت؟).

دوکاندارەکە وتبووی(پیاوکوژ چۆنە؟).

ئەفسەرەکە بەتوڕەییەوە وتبووی(نازانم پیاوکوژ چۆنە، بەڵام کەسیان باسی پیاوکوشتنیان نەدەکرد؟).



ئەویش وتبووی(نەخێر باسی ئەو شتانەیان نەدەکرد).

ئەفسەرەکە وتبووی(ئەی چەقۆو ئەو شتانەت پێنەبینیون؟).

دوکاندارەکە وتبووی(نەخێر).

ئەفسەری بەدواداچوونی تاوانەکە لەدوکاندارەکەی پرسیبوو(چۆن تۆ یەکەم کەس چوویتە سەر تەرمەکە؟).

دوکاندارەکە لەوەڵامدا وتبووی(من لەوکاتەدا شتی ناو دوکانەکەم کۆدەکردەوە، منداڵێك هات و پێیوتم پیاوێك لەسەر سوچی دیواری قوتابخانەکەدا کەوتووە!).

ئەفسەرەکە وتبووی(گوێت لەهیچ تەقەو دەنگەدەنگێك بوو؟).

دوکاندارەکە بەبێ بیرکردنەوە وتبووی(نەخێر).

ئەفسەرەکە وتبووی(ئەی چۆن تۆ پێشتر تەرمەکەت نەبینیبوو؟).

ئەویش وتبووی(دەرگای دوکانەکەم بەرامبەر ناوەڕاستی دیواری قوتابخانەکەیەو کە لەناو دوکانەکەدا دادەنیشم، سەرسوچی قوتابخانەکەم لێوە دیارنییە).

ئەفسەرەکە وتبووی(ئەو پیاوە کوژراوە مامۆستای ئەو قوتابخانەیەیە؟).

ئەویش وتبووی(نەخێر ئەو مامۆستای قوتابخانەیەك بوو كە دەكەوێتە سەروو دوكانەكەی منەوە).

ئەفسەرەكە پرسیبووی(پێش رووداوەكە هیچ كەسێكی نەناسراوت نەبینی لەو دەوروبەرەدا بسوڕێتەوە، یان سەردانی دوكانەكەت بكات؟).

دوكاندارەكە وتبووی(ئەو مامۆستایە لەبەیانییەوە تا نیوەڕۆ لەقوتابخانە بوو، دوای ئەوە سەرێكی بازاڕی دەداو هەموو ئێوارەیەكی درەنگ لەوبەر دوكانەكەوە تێدەپەڕی و دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر دەبێت لەسەرچی بكوژرێت؟!).

ئەفسەرەكە وتبووی(من دەڵێم ئەو رۆژە كەسی نەناسراوت نەبینی؟).

ئەویش وتبووی(نەخێر).

ئەفسەرەكە وەك ئەوەی بگەڕێتەوە سەر بەشێكی نەزانراوی رووداوەكە، بەدوكاندارەكەی وتبوو(ئەو مناڵە كێ بوو كە پێیڕاگەیاندی پیاوێك لەسەر سوچی دیواری قوتابخانەكە كەوتووە؟).

دوكاندارەكە بەئەفسەرەكەی وتبوو(نازانم ئەو مناڵە كێ بوو!).



ئەفسەرەكە بەخێرایی و بەدەنگێكی بەرزتر لەپرسیارەكانی پێشووی وتبووی(باشە مناڵێك بەو ئێوارە درەنگە لەوێدا چیدەكرد؟).

دوكاندارەكە وتبووی(نازانم، دیارە ماڵیان لەو نزیكانە بووە).

ئەفسەرەكە وتبووی(تۆ دوكانداریت، چۆن مناڵێكی نزیك دوكانەكەی خۆت ناناسیت؟).

دوكاندارەكە وتبووی(دیتنی تەرمەكەو شڵەژان و ئەو قەرەباڵغییەی دواتر درووستبوو، بەتەواوی مناڵەكەی لەبیربردمەوە!).

ئەفسەرەكە وتبووی(ئێستا ئەگەر مناڵەكە ببینیت دەیناسیتەوە؟).

ئەویش وتبووی(بڕوا ناكەم، هەرنازانم كێ بوو؟).

ئەفسەرەكە بەتوڕەییەوە وتبووی(بەپێی ئەوەی تۆ دوكانداریت، پێویستە هەموو مناڵانی نزیك دوكانەكەی خۆت بناسیت!).

دوكاندارەكە وتبووی(من پشتم لەدەرەوەی دوكانەكەبوو، كە مناڵەكە هەواڵەكەی پێڕاگەیاندم، ئیتر بەپەلە چوومە دەرەوەو تەماشای مناڵەكەم نەكرد!).

ئەفسەرەكە وتبووی(كەست نەبینی رابكات؟).

**دوكاندارەكە وتبووى(نەخێر).**

**ئەفسەرەكە وتبووى(هیچ سەیارەیەكت نەبینی لەوكاتەدا بەخێرایی بڕوات؟).**

**ئەویش وتبووى(نەخێر).**

**ئەفسەرەكە وتبووى(گومانت بۆ كەس ناچێت كە ئەو پیاوەی كوشتبێت؟).**

**دوكاندارەكە وتبووى(نازانم ئەو مامۆستایە دەبێت لەسەرچی بكوژرێت؟).**

**ئەفسەرەكە وتبووى(ئەو پیاوە دوژمنی نەبوو؟).**

**ئەویش وتبووى(تا ئێستا گوێم لەهیچ كەسێك نەبووە باس لەخراپەیەكی ئەو مامۆستایە بكات).**

**ئەفسەرەكە وتی(ئەو ئێوارەیەی كە ئەو مامۆستایەیان تێدا كوشت، ئایا پێشتر مامۆستاكەت بینی بەبەردەم دوكانەكەدا تێبپەڕێت؟).**

**دوكاندارەكە وتی(نەخێر ئەو ئێوارەیە لەبەردەم دوكانەكەوە تێنەپەڕی!!).**

**زستانی** 2005

# یادەوەرییەکانی

# کۆلأنێکی خاپوورکراو

ڕووخانی پردە بچکۆلەکەو پڕکردنەوەی ئەو شیوە دورودرێژەی ماڵەکانی گەڕەکی دەکرد بەدوو بەشەوە, هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ شوێنەکانی ڕابوردوو لەلا ئاڵۆزکردبوو. هاتنی کۆمەڵێك ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکەو بنیاتنانی چەندین خانووی نوێ لەشوێنی خانووە کۆنەکان لەلایەکەوەو, جێدەستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایەکی دیکەوە, بەتەواوی سیمای شوێنەکانی لەیادەوەریی ئەودا کاڵکردبۆوە.

ئەو هەرگیز نەدەگەیشتە ئەو بڕوایەی شەقامە قیرتاوکراوەکەی ئێستای گەڕەکی لەکۆڵانە چاڵوچۆڵەکەی شوێنی یاریکردنی منالّیی پێباشتربێت! هەرگیز تەماشاکردنی چۆلەکەیەکی سەر ستارەی نەترکراوی ئێستای لا جوانتر نەبوو, لەو چۆلەکەیەی کە جاران بەسەر گوێسەبانەی خانووە قوڕەکانەوە دەیبینی!

لەچاوگێڕانێکی خێرادا بەتەواوی هەستیکرد یادەوەرییەکانی بوون بەژێر شەقامی قیرتاوکراوو خانووە بەرزو خۆشەکانەوە. ئەم گەڕانەوەیەی بەهەمانشێوەی کەسێك دەهاتە بەرچاو، کاتێك دەگەڕێتەوە سەر گەڕەکێکی خاپوورکراو. هیچ



جیاوازییەکی لەنێوان بنیاتنان و خاپوورکردندا نەدەبینییەوە. ئەگەر خاپوورکردن لەگەڵ خۆیدا ڕوانین و یادەوەرییەکان زیندەبەچاڵ بکات, ئەوا بەهەمانشێوە زۆرجار بنیاتنانیش هەمان کار بەئاکام دەگەیەنێت! ناکرێت بەهیچ شێوەیەك ڕاکردن بەسەر پردێکی بچوك و لەرزۆکدا, هەمان هەستی ڕاکردنمان بەسەر شەقامێکی قیرتاوکراودا بداتێ. مەحاڵە هاژەی ڕۆیشتنی ئاوی شیوەکە, لەوڕە وڕو دەنگەدەنگی سەیارەی سەر شەقامە قیرتاوکراوەکە خۆشتر نەبێت!

دوای ئەوەی لەتەماشاکردنێکی بەپەلەدا چەند ڕوانینێکی بەبیری خۆیدا هێنا , بەنیازی شکاندنی ئەو سەرسامبوونەی ئارەزووی پرسیارکردن لەمێشکیدا دنەی دەدا, بەلاّم پرسیار لەکێ بکات؟ زۆربەی ئەو کەسانەی ئێستا لەم گەڕەکەدا نیشتەجێن ڕەنگە ئەم نەیانناسێت و ئەوانەشی ماونەتەوە لەئێستادا ئەم هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەماوە. هەربۆیە بەخێرایی گەیشتە ئەو بڕوایەی بیرۆکەی پرسیارکردن لەمێشکی خۆی دەربکات و پرسیار لەهیچ کەسێك نەکات. دەربارەی چی پرسیار بکات؟ هەموو شتێك بەڕوونی لەبەرچاوەو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەسیمای شوێنەکانەوە دیارە, بەتەواوی وەلاّمی پرسیارەکانیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە.

لەچاوگێڕانێکی خێرادا هەستی بەدابڕانێکی گەورە دەکرد لەنێوان خۆی و ئەو گەڕەکەی چەندین ساڵی تەمەنی تیادا بردبووەسەر. گۆڕانکارییەکان ماوەی ئەوەیان نەدەدا بەدەزوولەیەکیش خۆی بەشوێنێکی بچوکی ئەو گەڕەکەوە گرێبدات!

هەر لەسەرەتاوەو ئەوکاتەی بۆ یەکەمینجار دوای چەندین ساڵ دابڕان تەماشای سەرسوچی کۆڵانەکەی کرد, هەستیدەکرد ناتەواوییەك لەدیمەنی کۆڵانەکەدا دێتە بەرچاوی. سەرەتا پەی بەو ناتەواوییە نەبرد, بەڵام دواتر بیریکەوتەوە کە عەمودە خوارەکەی سەرسوچی کۆڵانەکە لابراوەو لەجێگەی ئەو عەمودێکی نوێی لێدانراوە. ئەو دیمەنەش چەندین یادەوەریی لەنێو خۆیدا دەسڕییەوە. ئێستاش بەباشی لەبیرێتی لەشەوێکی باراناویدا کوڕە سەرخۆشەکەی ماڵی(مام سمایل)ی دراوسێیان بەسەیارەیەکەوە بەخێرایی خۆی بەو عەمودەدا کێشابوو. بۆ بەیانی ئەم کاتێك چووبوو بۆ قوتابخانە ئەوکاتە بەڕووداوەکەی زانیبوو, چونکە ئەو لەکاتی رووداوەکەدا نووستبوو. هەرکەسێك تەماشای سەیارەکەی بکردایە پێی سەیردەبوو ئەو کەسەی لەنێو سەیارەکەدا بووە لەکاتی ئەو رووداوەدا هیچی لێنەهاتبێت!



ئەم سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی ئەو رووداوەو بەزیندوویی مانەوەی کوڕەکەی(مام سمایل)ی بەپرستەیەکی دایکی دەڕەواندەوە کە دەیگوت(دیارە ئەو کوڕە ئەجەلی نەهاتووە!). هەرکاتێك عەمودە خوارەکەی ببینیایە, وێنەی کوڕەکەی(مام سمایل)ی دەهاتەوە بەرچاوو هەرکاتێکیش کوڕەکەی دەبینی عەمودە خوارەکەی بیردەکەوتەوە. لابردنی ئەو عەمودە بەتەواوی رووداوەکە لەبەرچاو وندەکات و رەنگە ئێستا خەڵکی گەڕەك ئەو رووداوەیان لەیاد نەمابێت.

ماڵی(مام سمایل) تووشی رووداوی سەیر دەبوون و خەڵکی گەڕەکیش زۆربەی کات باسی بەسەرهات و رووداوەکانی ماڵی(مام سمایل)یان دەکرد. ئەم هەندێك لەو رووداوانەی دەهاتەوە یاد, بەڵام سەرلەبەری بەسەرهاتەکانی بەتەواوی لەیاد نەمابوو. نەیدەتوانی تانوپۆی سەرجەمی کارەسات و رووداوە سەیرەکانی ئەو خێزانە پێکەوە گرێبدات.

ئێوارەیەکیان کوڕێکی(مام سمایل)–لەو کوڕەی گەورەتربوو کە خۆی کێشابوو بەعەمودەکەدا– بیری نەماوە لە چ شوێنێك بووە، لەگەڵ کوڕێکدا بووە بەشەڕی و دەیانگوت حەوت گوللەی ناوە بەکوڕەکەوە! کتوپڕ پۆلیس دەستگیریان کردووەو پاش ماوەیەك بەنێو گەڕەکدا بڵاوبۆوە کە بیست ساڵیان حوکمداوە. وایاندەگێڕایەوە شەش گوللەیان بەر شوێنی

ئەوتۆ نەکەوتوون و ئەگەر حەوتەمین گوللەیان نەبوایە رەنگە ئەو کوڕە نەمردایە. دەیانگوت گوللەی حەوتەم بەر دڵی کەوتبوو!

کاتێك بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشت و بەئاسانی دەچووە ئەمبەرو ئەوبەری کۆڵانەکە، بەتەواوی هەستی بەنامۆبوونێکی لەڕادەبەدەر دەکرد. چونکە جاران جگە لەدووسێ مەتری بەردەم ماڵەکان، ئیدی ناوەڕاستی کۆڵانەکە شیوێکی پێدا دەڕۆیشت و دەبوو بۆ پەڕینەوە بگەڕاتایەتەوە سەرسوچی کۆڵانەکەو بەسەر پردە بچوکەکەدا بڕۆیشتیتایەتە ئەوبەر. قیرتاوکردنی ئەو کۆڵانە تەپوتۆزی هاوین و قوڕوچڵپاوی زستانی لەبیرەوەریی ئەودا کاڵدەکردەوە. لەڕۆیشتن بەسەر قیرتاوی کۆڵانەکەدا، وەك یادەوەرییەك بۆ خۆڵە وردەکەی جاران دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی شەوێکی- بەهار بوو یان هاوین بەباشی لەبیری نەمابوو-بیرکەوتەوە. ئەم لەگەڵ چەند مناڵێکی هاوڕێیدا لەکۆڵانی پشتەوەی کۆڵانەکەی خۆیان یارییان دەکرد، لەناکاو قاووقیژ لەکۆڵانی خۆیانەوە بەرز بۆوە، بەڕاکردن خۆیان گەیاندە کۆڵانەکەی خۆیان و تەماشایانکرد ئاگر لەماڵی(مام سمایل)ەوە بەرز دەبێتەوە. خەڵکی گەڕەك بەخێرایی خۆڵی کۆڵانەکەیان دەکردە سەتڵ و تەشت و قاپەوەو دەیانبردو دەیانکرد بەسەر ئاگرەکەدا.



ئەگەرچی ئاگرێکی گەورە لەحەوشەی ماڵی(مام سمایل) کەوتبۆوە، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا خەڵکەکە توانییان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن و بیکوژێننەوە.

دەیانگوت دوو دەبە بەنزین بووە سوتاوە. ماڵی(مام سمایل) وایاندەگێڕایەوە دەبەیەکیان کونبووەو بەنزینی لێڕۆیشتووەو ئەوان پێیان نەزانیوە. کوڕێکیان-ئەو کوڕەی خۆی کێشابوو بەعەمودەکەدا-ئەو شەوە لەحەوشە جگەرەی داگیرساندووە، کاتێك دەنکە شقارتەکەی بەئاگرەوە فڕێداوە، بەنزینە رژاوەکەی سەر کۆنکرێتی حەوشەکە سوتاوەو دواتر هەردوو دەبەکە گڕیان گرتووە. ئەو رووداوە لەوەدا دەبووە جێگەی سەرسوڕمان کە لەگەڵ ئەو ئاگرە گەورەیەدا، تەنها دە مەتر سۆندەی لولکراوی تەنیشت دەبەکان نەبێت، هیچ شتێکی دیکە نەسوتابوو! ئەو دوای چەند ساڵێك تێپەڕبوون بەسەر رووداوەکانی گەڕەکدا، بیری لەو رۆژانە دەکردەوەو حیکایەتەکانی ماڵی(مام سمایل)ی پێکەوە کۆدەکردەوە. دەنا لەسەردەمی مناڵیدا بەپەرشوبڵاوی رووداوەکانی دەبیست و ئەوکاتەش زۆر گرنگی بە بەسەرهات و رووداوەکان نەدەدا.

لەتەماشاکردنی سیمای ئێستای کۆڵانەکەدا هەستیدەکرد هەموو یادەوەرییەکان لەگەڵ نوێکردنەوەی گەڕەکدا کاڵبوونەوەو بەتەواوی بوونەتە پاشماوەیەکی

خاپوورکراو. ئەگەرچی بەوردی سەرنجی ئەو کەسانەی دەدا کە بەوێدا تێدەپەڕین یان لەدەرگای ماڵەکانەوە دەهاتنە دەرەوە، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی رووخساری ئەو کەسانە بەنزیکیش بباتەوە سەر سیمای ئەو کەسانەی لەسەردەمی منالّیی ئەودا لەو گەڕەکەدا نیشتەجێبوون.

لەڕوانینێکی خێرادا وایبەخەیاڵداهات ئەگەر یەکێکیش بدۆزێتەوەو بیناسێت، لەو بڕوایەدا نەبوو بتوانێت پێکەوەگرێدانێك لەنێوان ئێستاو منالّیدا دروستبکات. لەبیرکردنەوەیدا گەیشتە ئەوەی هەموو دیمەن و حاڵەتە هەنووکەییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زەمینەی تایبەتی خۆیان لەدەستدەدەن و، دابڕانەکان بەهەڵزنان بەکاتدا هەلومەرجی جارێکی دی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکان هەڵدەوەشێننەوە. یەکدی بینینەوەی دوای دابڕانێکی زۆر بەهیچ شێوەیەك ناگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی، وەك ئەوەی لەڕابوردوودا هەبووە، چونکە کۆمەڵێك بەسەرهات و بابەتی باسلێنەکراو لەو دابڕانەدا بۆشاییەکی ئەوتۆ دروستدەکەن، کە پڕکردنەوەیان ماوەیەکی زۆری دەوێت.

رەنگە زۆر کەس بەنوێبوونەوەو گۆڕانکارییەکانی ئەو کۆلاّنە ئاسودە بن، بەلاّم ئەو گۆڕانکارییانە زۆربەی یادەوەرییەکانی رابوردووی کۆلاّنەکەی لەگەڵ خۆی هەڵلوشی.



چیدی کەس پرسیار لەهۆکاری خواربوونەوەی عەمودەکە ناکات. کێ دەزانێ لەو کۆلاّنەدا پردێك هەبووە بۆ پەڕینەوە؟ کەس پرسیاری ئەو هێڵە قوڕاوییەی سەر دیوارەی ماڵەکانی کۆلاّنەکە ناکات، کە لافاو درووستی کردبوو. ئەو نوێکردنەوەیە پرسیارەکان دەکوژێت و سەرەداوی چەندین حیکایەت لەنێو خۆیدا وندەکات!

سەرسوچی کۆلاّنەکە هەرگیز سیمای ئەوکاتەی پێوە دیارنییە کە بەیانییەکی زوو خەڵکی گەڕەك بەهۆی کەوتنی تەرمێکەوە لەوێدا کۆبوونەوە. دوای چەندین ساڵیش کاتێك ئەو دەیڕوانییە سەرسوچی کۆلاّنەکە، بەکتوپڕی وێنەی تەرمەکەی ئەو بەیانییەی دەهاتەوە بەرچاو.

ئەو بەیانییە کۆتایی مانگی نیسان بوو، لەبیری نەماوە سەعات چەند بوو، لەماڵەوە هاتە دەرەوەو دەیویست بچێت بۆ قوتابخانە. کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك بەشێوەیەکی بازنەیی ئەوی پەلکێشکرد بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە. ئەگەرچی تەنها بۆماوەی پێنج دەقە لەتەرمەکەی روانی، بەلاّم بۆماوەی چەندین ساڵ ئەو دیمەنە لەمێشکیدا چەسپی. هەموو جارێك دەیگێڕایەوەو دەیگوت:

(تەرمەکە کوڕێکی گەنج بوو، کراسێکی سپی و شەرواڵێکی رەشی لەبەردابوو. پێلاّوەکانی رەش و

گۆرەوییەکانی سپی بوون. تاکی چەپی پێڵاوەکەی لەنزیك خۆیەوە کەوتبوو. سەری بەلای راستدا ئاوڕی دابۆوەو دەستی راستی خستبووە سەر دڵی. بەشێکی کراسەکەی دەتگوت لەخوێن هەڵکێشراوە. دەیانگوت بەچەقۆ کوژراوە. دواتر سەیارەیەکی پۆلیس هات و تەرمەکەیان لەگەڵ خۆیان برد).

بەپێی باسکردنی خەڵکی گەڕەك و راپرسییەکانی پۆلیس زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە ئەو کوڕە لەشوێنێکی دیکە کوژراوەو تەرمەکەیان هێناوەو لەوێدا فڕێیانداوە. ئیدی دوای ئەوە چەندین حیکایەت و بۆچوون دەربارەی هۆکارو چۆنێتی کوشتنی ئەو کوڕە لەنێو خەڵکی گەڕەکدا سەریهەڵدا. تاکو چەندین مانگیش روانینی نوێ دەربارەی ئەو رووداوە دەبیستراو, جگە لەچەند بۆچوونێکی لەخۆوە نەبێت, کەس بەتەواوی نەیزانی ئەو کوڕە لەسەرچی کوژراوە. هەندێ کەس دەیانگوت ئەوانەی ئەو کوڕەیان کوشتووە, ویستویانە بیهێننە ئێرەو تەرمەکەی فڕێبدەنە شیوەکەوە, بەلام بەهۆی پەلەکردنی ئەوەی نەبادا کەسێك بیانبینێت لەسەرسوچی کۆڵانەکە دایاننناوە. یەکێك دەیگوت سەروچاوی لەسەرخۆش دەچوو. هەندێکی دیکە دەیانگوت لەسەر مەسەلەی ئافرەت کوشتوویانە. ئیستاش بەتەواوی لەبیری ماوە کە لەسەروبەندی رووداوەکەدا دایکی



دەیگوت(ئەگەر دوژمنی نەبووبێت, بۆچی کوڕێکی وا گەنج دەکوژرێت!). هەر ئەو رووداوەش بوو وایکرد باوکی پاش ماوەیەك بڕیاریدا ئەو گەڕەکە بەجێبهێڵێت!

ماوەی نیو سەعات دەبوو بەکۆڵانەکەدا هاتوچۆی دەکردو دەچووە ئەوسەری کۆڵانەکەو دەگەڕایەوە. بەهۆی کتوپڕیی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەرتاپای شوێنەکەوە دیاربوون, تاکو ئەوکاتەش بیری خانووەکەی جارانی خۆیانی نەبوو. خانووەکەی ئەمان کەوتبووە سەرسوچی راستی کۆڵانەکەوەو کۆڵانێکی تەسك بەتەنیشتیانەوە بوو, هاتوچۆیەکی زۆری بەسەرەوەبوو, هەربۆیە پردێکی بچوك لەسەر شیوەکە دروستکرابوو. کاتێك لەگەڕانەوەیدا لەوسەری کۆڵانەکەوە تەماشای سەرسوچەکەی کرد, بینی هەردوو خانووەکەی سەرسوچی راست و چەپی کۆڵانەکە لابراون و شەقامێکی فراوان لەشوێنی کۆڵانە تەسکەکەوە درێژبۆتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی دیکە تووشی دڵتەنگی کرد.

لەسەرەتای سەردانەکەیدا وایبەخەیاڵدا دەهات بینینەوەی هاوڕێیەکی منالیی رەنگە زۆر دڵخۆشی بکات و بتوانێت پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئێستاو رابوردوویدا گرێبداتەوە, بەلام دوای ئەو ماوە کورتەی لەکۆڵانەکەدا بەسەریبرد, گەیشتە ئەو بڕوایەی بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت ئەو

پەیوەندییە لەنێوان ئێستاو رابوردوویدا درووستبکاتەوە. رەنگە بتوانێت لەگەڵ هاوڕێیەکیدا چەند بیرەوەرییەکی منالّیی زیندوو بکەنەوە, بەلاّم هەرگیز ناتوانێت درێژە بەو پێکەوەبوونە بدات. ئەو شوێن نەیتوانی یادەوەرییەکانی زیندوو بکاتەوە, ئیدی چۆن خەلّك دەتوانێت ئەوکارە بەئاکام بگەیەنێت؟ راستە بەبینینی ئەو شوێنانە هەندێك یادەوەریی منالّیی بەخەیالّیدا تێدەپەڕن و گۆڕانکارییەکان ناتوانن بەتەواوی وێنە تەلّخەکانی بیرەوەریی ئەو بسڕنەوە, بەلاّم وێنەکان تەنها بەیادەوەریدا تێدەپەڕن و بەهیچ شێوەیەك نابنە پردێك بۆ بەستنەوەیەکی رۆحی ئەو بەشوێنەکانەوە.

لەو خەیالاّنەدا بەکتوپڕی هەموو ئەو قسانەی بیردەکەتەوە کە باوکی دەربارەی گوندەکەیان بۆی دەگێڕانەوە. ئەو هێشتا لەدایك نەبووبوو باوکی گوندەکەی خۆیانی بەجێهێشتبوو. لەوکاتەشەوە ئیدی هیچ ئیشێکی وای نەکەوتبووە گوندەکەیان تا سەردانی بکات. ئەو جگە لەوەسف و باسکرنەکانی باوکی, بەهیچ شێوەیەك گوندەکەی خۆیانی نەدیبوو. باوکی زۆربەیکات باسی دلّگیری و خۆشی گوندەکەیانی دەکردو پێیوابوو خۆشترین کاتی تەمەنی ئەو چەند سالّە بووە کە لەگوندەکەی خۆیان بەسەری بردووە. کاتێك ئەو لەباوکی دەپرسی بۆچی لەوکاتەوەی بەجێیهێشتووە تەنها



بۆجارێکیش سەردانی گوندەکەیانی نەکردۆتەوە, باوکی هەموو جارێك لەوەلاّمی ئەو پرسیارەدا دەیگوت(ئەو گوندە لەسەردەمی ئێمەدا زۆر خۆش بوو, بەلاّم ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر سروشت و خەلّکەکەیدا هاتووە!). تا ئەوکاتەی تەماشاکردنی گەڕەکەکەی خۆیان, هەرگیز پێشتر لەو قسەیەی باوکی تێنەدەگەیشت دەربارەی نەگەڕانەوەی بۆ گوندەکەیان. ئەگەر ئێستا هەمان پرسیار ئاراستەی ئەویش بکەن دەربارەی گەڕانەوەی بۆ گەڕەکەکەیان, ئەوا جگە لەهەمان وەلاّمی باوکی ناتوانێت هیچ شتێکی تر بلّێت!

خۆیشی بەتەواوی نەیدەزانی هۆی چییە لەکاتی چاوگێڕان بەکۆلاّن و گەڕەکەکەی خۆیاندا, بەکتوپڕی هەموو ئەو بەسەرهاتانەی بیردەکەوێتەوە کە باوکی لەکاتی خۆیدا دەربارەی گوندەکەیان دەیگێڕانەوە. باوکی زۆربەی کات وەك دروستکردنی ساتێك بۆ پێکەنین باسی خێزانێکی گوندەکەیانی دەکرد, کە پێیاندەگوتن مالّی(مام حەسەن), خۆیشی بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانەوە زۆر پێدەکەنی. مالّی(مام حەسەن) جگە لەوەی بەسەرهاتی ژیانیان پڕبوو لەپێکەنین و گالّتەجاڕیی, بەلاّم لەسەردەمی خۆیدا ئەو شێوە تەماشاکردنەی درووست نەکردبوو.

باوکی بەسەرهاتی زۆری دەربارەی ماڵی(مام حەسەن) دەگێڕایەوە, بەڵام ئەو چەند رووداوێکی لەو بەسەرهاتانە لەیاد مابوو. باوکی زۆرجار ئەوەی دەگێڕایەوە: جارێك کوڕێکی(مام حەسەن) بەتراکتۆرێکەوە خۆی کێشاوە بەدیواری پشتەوەی ئاشی گوندەکەیانداو رووخاندوێتی. ئەگەرچی بەچەند رۆژێك دوای رووداوەکە دیوارەکەیان چاککردبۆوە, بەڵام خەڵکی گوندەکە دوای ئەو رووداوە ئاشەکەیان ناونابوو(ئاشە رووخاوەکە). ئەگەر یەکێك دەربارەی ناوی ئەو ئاشە پرسیاری بکردایە, دەبوایە رووداوەکەیان بۆ بگێڕایەتەوە! هەندێجار رووداوە تراژیدییەکانیش لەگێڕانەوەدا شێوەیەکی کۆمیدی وەردەگرن, ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە تێدەپەڕێت بەسەر رووداوەکەدا, چونکە تێپەڕبوونی کات و کۆکردنەوەی بەسەرهاتەکانیان لەیەك ساتدا, وایدەکرد ئەو شێوە سەیرکردنە دروستبکات. لەبەرئەوە زۆربەی بەسەرهاتە تراژیدیەکانیش دوای چەندساڵێك لەکاتی گێڕانەوەیاندا دەبنە بەسەرهاتی کۆمیدی. هەربۆیە باوکی بەپێکەنینەوە ئەوەی دەیگێڕایەوەو دەیگوت(رۆژێکیان کوڕە گەورەکەی مام حەسەن– لەو کوڕەی گەورەتربوو کە بەتراکتۆرەکەوە خۆی کێشابوو بەدیواری ئاشەکەدا– لەسەر نۆرە ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکەیان لەگەڵ



کوڕێکی گوندەکەیان دەبێت بەشەڕیان و بێڵێك دەکێشێت بەسەریداو دەیکوژێت. ئیدی هەڵدێت و نەخەڵکی گوندەکەو نەماڵی مام حەسەنیش نازانن بۆ کوێ دەچێت!).

باوکی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات باسی کارەسات و نەهامەتی و برسێتی سەردەمی مناڵیی خۆی دەکرد, بەڵام بەهەموو شێوەیەك ئەو سەردەمەی رابوردووی لەلا خۆشتربوو. لەکۆتایی هەموو باسکردنێکی رابوردووشدا دەیگوت(جاران چۆن بوو, ئێستاش چۆنە!). باوکی جیاوازییەکی گەورەی هەستپێدەکرد لەنێوان ژیانی خەڵکی سەردەمی منداڵیی و سەردەمی پیرێتی خۆیدا. هەموو جارێك بۆ رۆحی هاوکاریی خەڵکی ئەو سەردەمە رووداوێکی ماڵی(مام حەسەن)ی دەگێڕایەوەو دەیگوت(شەوێکیان کوڕێکی مام حەسەن–ئەو کوڕەی بەتراکتۆرەکەوە خۆی کێشابوو بەدیواری ئاشەکەدا– بەچرایەکەوە نازانم چ ئیشێکی هەبووە چۆتە گەوڕی ئاژەڵەکانەوە, کاتێك هاتۆتە دەرەوە چراکەی لەبیرچووەو پاش ماوەیەك ئاگر لەگەوڕەکەوە بەرز بۆتەوە. لەماوەیەکی کورتدا خەڵکی گوندەکە کۆبوونەتەوەو ئاگرەکەیان کوژاندەوە. دەیانگوت رەنگە یەکێك لەئاژەڵەکان خۆی کێشابێت بەچراکەداو چراکەش کەوتۆتە سەر ئەو کۆمەڵە کایەی لەسوچێکی

گەوڕەکەدا کۆکرابۆوە. دیارە ئاژەڵەکان لەگەڵ گڕتێبەربوونی کاکەدا بەپەلە خۆیان قوتارکردووەو هاتوونەتە دەرەوەی گەوڕەکە. جگە لەگوریسێك هیچ شتێك لەگەوڕەکەدا نەسوتابوو!).

لەگێڕانەوەی ئەو رووداوەدا ئەوەی بەلای باوکییەوە گرنگبوو، کۆبوونەوەی بەپەلەی خەڵکی گوندەکە بوو لەماوەیەکی کورتدا. باوکی هەموو جارێك لەباسکردنی ژیانە سیحراوییەکەی گوندەکەیاندا وەك ئەوەی بەر لەپرسیارێك بگرێت، دەیگوت(ئەگەر کوشتنی ئەو ژنە نەبوایە کە تەرمەکەیان لەنزیكماڵی ئێمەوە فڕێدابوو، هەرگیز نەدەهاتینە شار!). وایدەگێڕایەوە کە ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی ئەیلول بووە، کاتێك خەڵکی گوندەکە لەئیشوکار گەڕاونەتەوە بۆ نێو گوندەکە، لەسەر ئەو رێگەیەی ماڵەکانی گوندەکەی دەکرد بەدوو بەشەوە، تەرمی ژنێکیان بەرچاوکەوتووە. باوکی ئەگەرچی زاتی ئەوەی نەکردبوو بۆ ماوەیەکی زۆر تەماشای تەرمەکە بکات، بەڵام دەیگوت(ئێستاش دیمەنی ئەو ژنە بەتەواوی لەخەیاڵمدایە!). هیچ کەسێك لەخەڵکی گوندەکە ئەو ژنەی نەدەناسی، هەربۆیە بۆ رۆژی دواتر تەرمەکەیان ناشت. تاکو ماوەیەکی زۆریش کەسوکاری نەدۆزرایەوە. بەبێ ئەوەی کەسێك پێشتر ئەو ژنەی ناسیبێت، یان هیچ زانیارییەکی دەربارەی هەبووبێت، پاش



ماوەیەك چەندین حیکایەت لەسەر ئەو ژنە دروستکرا. باوکی دەیگوت(ئەو رووداوە بووە هۆی خەمێکی گەورەو ئیدی نەمانتوانی لەو گوندەدا بمێنینەوە، چونکە بەبەردەوامی تەرمەکەمان دەهاتەوە بەرچاو!).

لەگێڕانەوەی ئەو رووداوەدا بەتەواوی هەست بەوەدەکرا دیمەنی تەرمی ئەو ژنە کاریگەرییەکی گەورەی لەلای باوکی بەجێهێشتبێت، هەربۆیە هەمووجارێك دوای گێڕانەوەی رووداوەکە دیمەنی تەرمەکەی بەوردی باسدەکردو دەیگوت(تەرمەکە ژنێکی تاڕادەیەك بەتەمەن بوو، وەك ئەوەی خۆی بۆ ئیشوکار ئامادەکردبێت، کراسێکی رەش و شەرواڵێکی سپی لەبەردابوو. پێڵاوەکانی سپی و گۆرەوییەکانی رەش بوون. تاکی راستی پێڵاوەکانی لەولای خۆیەوە کەوتبوو. تەرمەکە لەسەرپشت فڕێدرابوو، سەری بەلای چەپدا ئاوڕیدابۆوەو دەستی چەپی خستبووە سەر دڵی. بەهیچ شێوەیەك خوێن بەلاشەیەوە نەدەبینرا، تەنها ملی سور ببۆوە، لەوەدەچوو خنکێنرابێت!).

هاوینی 2003

# مەرگێك پێش

# درکاندنی رازەکان

کەس بەتەواوی نەیدەزانی لەکاتی ناشتنی تەرمی ئەو پیاوەدا، کێ لەهەموان خەمبارترە. چونکە حەسرەتی ئەو مردنە وەك پەردەیەکی رەش ئاسمانی گۆڕستانەکەی داگیر کردبوو.

(نەدەبوو بمردایە.. هێشتا زووبوو بۆ مردنی ئەو!) پیاوێك لەکاتی پڕکردنەوەی گۆڕەکەدا سەری هەڵبڕی و وای وت. هەموو ئەو کەسانەی لەسەرلەبەیانی ناشتنی ئەو پیاوەدا ئامادەبوون، هیچیان بەتەواوی خۆیان نەگۆڕیبوو. منداڵەکان زۆر ماندوو بوون و دەنگی هەناسەدانیان لەبێدەنگی گۆڕستانەکەدا جار بەجارێك ئاوڕی بەچەند کەسێك دەدایەوە، ئەوان سەیارەکان بەجێیهێشتبوون و بەڕاکردن هاتبوون بۆ گۆڕستان.

ئەم ئێستا لەسەر گۆڕەکە دانیشتووە، بیر لەڕۆژانی ناشتنی ئەو پیاوە دەکاتەوەو خۆی لەهەموان بەخەمبارتر دەزانێ لەبەرامبەر مردنیدا. هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کەس بتوانێت ئەوەندەی ئەم بیر لەو مەرگە ناوەختە بکاتەوە. ئەو مەرگەی چەندین رازو نهێنی لەگەڵ خۆی بردە گۆڕەوە. ئەو مەرگەی هەموانی گەڕاندەوە بۆ سەرەتاکان. تا ساتەوەختی مردنیشی کەس بەتەواوی بیری لەوە نەکردبۆوە، کە بۆچی ئەو پیاوە هەرگیز باسی رابوردووی خۆی نەدەکرد. ئەو مەرگە



حەسرەتی هەڵنەدانەوەی چەندین رازی لەدوای خۆی بەجێهێشت. (دەبوایە پاش ئاشکراکردنی ئەو نهێنیانە ماڵئاوایی بکردایە!) ژنێك دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر مردنی ئەو پیاوەدا وایوت.

تاکو دوای گەڕانەوەش لەگۆڕستان ئەم نەدەگەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو پیاوە بەتەواوی ماڵئاوایی کردبێت و جارێکی دی نەگەڕێتەوە. چۆن دەیتوانی بگاتە ئەو بڕوایە؟ ئەم بەبێ ئەوەی هەرگیز بیر لەمردن بکاتەوە، هەموو رۆژێك ئەو پیاوەی لەکۆڵانەکاندا دەبینی، کە پاڵی بەعەرەبانەکەیەوە دەناو بەدەنگێکی خەمگین هاواری دەکردو منالانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە. ئەوەتەی لەبیری بێت ئەو پیاوەی بەو شێوەیە دیوە، چۆن دەیتوانی بگاتە ئەو یەقینەی جارێکی دی چاوی بەو پیاوەو بەعەرەبانەکەی ناکەوێتەوە. دەستی بەکێلی گۆڕەکەوە گرت و لەبەر خۆیەوە گوتی(ئیدی منالان بۆ شت کڕین چاوەڕێی کێ بکەن؟). رۆژانە منالان پارەکانیان بەدەستەوە دەگرت و گوێیان بۆ هاوارە خەمگینەکانی ئەو پیاوە هەڵدەخست، تاکو ئەوکاتەی لەدەرگای ماڵەوە دەردەکەوت. ئەم لەمناڵییەوە ئەو پیاوەی هەر لەوشێوەیەدا دیوە. هەرگیز کەس بڕوای بەپیربوون و مردنی ئەو نەدەکرد. هەموو خەڵکی گەڕەك زۆربەی کات باسی پیرنەبوونی ئەویان دەکردو بەردەوام

سوێندیان دەخوارد کە لەوەتەی هەیە هەر بەو شێوەیە دیویانە. تەنها عەرەبانەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. سەرەتا عەرەبانەکەی لەتەختە دروستکرابوو، بەڵام دوایی لەگەڵ شێوەیەکی جیاواز لەپێشتر، ئەمجارەیان لەئاسن دروستی کردەوە. شێوەیەکی لاکێشەیی هەبوو کە لەڕووکاری دەرەوەیدا چەند خانەیەك بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لەیەکدی دەبینران. لەڕووکاری بەردەم خۆیدا دەسکێکی بەرزتر لەئاستی عەرەبانەکەوە هەبوو بۆ پاڵ پێوەنان، کە بەپەڕۆی شین پێچرابوو. لەخوار دەسکەکەشەوە دەرگایەکی بچوك لەعەرەبانەکەدا بوو، کەشتی زیادەی تێدەکرد. ئەمە یەکەمین گۆڕانکاریی بوو بەسەر ئەو پیاوەدا هاتبوو. ئیدی خۆی لەسەرەتای هاتنییەوە بۆ ئەو گەڕەکە تا سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی کە تیایدا مرد، یەك ڕەنگی دەنواندو رووخساری بەشێوەیەکی جێگیر دەردەکەوت. هەموو خەڵکی گەڕەك بەبەردەوامی باسی نەگۆڕانی شێوەی ئەو پیاوەیان دەکردو پێیان وابوو کە لەوەتەی هەیە هەر بەوشێوەیە دیویانە. هەربۆیە هەفتەیەك دوای مردنی، پیرێژنێکی دراوسێیان لەکاتی باسکردنی مەرگی ئەو پیاوەدا وتی(هەمووی چاوی خەڵك بوو ئەو پیاوەی کوشت!).



خەڵکی گەڕەك دەیانزانی کەی لەخەو هەڵدەستێ و کەی دەچێتە دەرەوەو کەی دەگەڕێتەوە. چۆن قسە دەکات و بەچ شێوەیەك بەڕێگادا دەڕوات. زۆربەی منداڵانی گەڕەك لاسایی رۆشتنەکەیان دەکردەوە. بەڵام کەسیان نەیانتوانی رازەکانی رابوردووی ئاشکرا بکەن. بەبێ ئەوەی تەنها جارێك ئەو پیاوە لەڕابوردووی خۆی بدوێت، خەڵکی گەڕەك بەسەرهاتی سەیریان دەربارەی رابوردووی دەگێڕایەوە. هەندێك دەیانگوت: پێش ئەوەی بێتە ئەم گەڕەکە، لەشوێنێکی زۆر دوور لەئێرە لەنێو خێڵێکدا ژیاوە. لەوێ لەگەڵ کچێکدا پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە. ماوەکی زۆر پێکەوە بوون، بەڵام لەدواییدا کچەکە شوی کردووە بەپیاوێکی دی. ئەویش لەکاردانەوەی ئەو رەنج بەباچوونەیدا لەڕۆژی زەماوەندەکەیاندا، کچکەی کوشتووەو هەڵهاتووە. هەندێکی دی پێیانوابوو کە ئەو پیاوە لەنێو خێزانێکی دەوڵەمەنددا پەروەردە بووە، باوکی لەپاش مردنی پارەو سامانێکی زۆری لەپاش بەجێماوە. ئەویش لەگەڵ برایەکیدا لەسەر دابەشکردنی سامانی باوکیان دەبێت بەشەڕیان و براکەی دەکوژێت. دوای کوشتنی براکەی چیدی نەیتوانیوە لەوێ بمێنێتەوە، هەربۆیە سەری خۆی هەڵگرتووەو لەم گەڕەکەدا نیشتەجێبووە. چەند کەسێکیش وایاندەگێڕایەوە کە ئەو پیاوە جارێك لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر

خۆشەویستیدا چوون بۆ سەیران و لەکەنار رووبارێکدا لایانداوە. کاتێک لەپاڵ رووبارەکەوە راوەستاون، بەگاڵتەوە پاڵێکی بەهاوڕێکەیەوە ناوە. ئاوی رووبارەکە هاوڕێکەی بردووەو خنکاوە. ئەویش لەحەسرەت خنکانی هاوڕێکەی ئەو شوێنەی بەجێهێشتووە. ئەوانەش هەمووی روانینی تایبەتیی چەند کەسێک بوون. پێدەچوو هیچ بنەمایەکی راستییان نەبێت، چونکە ئەو بەهیچ شێوەیەک باسی رابوردووی خۆی نەدەکرد.

ئەو پیاوە زۆرکەم دەدواو بەردەوامیش حەزی بەتەنهایی دەکرد. هەموو ئێوارەیەکی درەنگ کە دەگەڕایەوە، لەژوورەکەیدا دەرگای لەسەر خۆی دادەخست. تێکەڵاوی هیچ کێشەو گرفتێکی گەڕەکی نەدەکردو هەرشتێک روویبدایە ئەو خۆی تێنەدەگەیاند. حەزی بەوە نەدەکرد لەنێو خەڵکدا دابنیشێت، چونکە دەیزانی دەربارەی رابوردووی پرسیاری لێدەکرێت. ئەو سروشت و بیروڕایەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی ئەو بیروڕایانە روون بکاتەوە. هەرلەخۆیەوە زۆر لەئاو دەترسا، ئەوەش بەوەدا هەستیان پێکرد کە جارێک کۆمەڵێک لەخەڵکی گەڕەک چووبوون بۆ سەیران، هەرچۆنێک بوو ئەو پیاوە وردەواڵە فرۆشەشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. لەکەنار رووبارێک لادەدەن و پێیان خۆشدەبێت گەشتەکەیان لەوێدا بەسەربەرن. بەڵام کاتێک ئەو چاوی



بەڕووبارەکە دەکەوێت، زۆر دەترسێ و لەڕووبارەکە دوور دەکەوێتەوەو بەتەنها لەشوێنێکدا ئەو رۆژە بەسەر دەبات.

هەندێک لەوکەسانەی لەپێش مردنیدا سەردانی ئەو پیاوەیان دەکرد، شتی سەیریان دەربارەی ژوورەکەی دەگێڕایەوە. ئەم کە منداڵ بوو زۆر حەزی دەکرد ئەو ژوورە ببینێ، چونکە دایکی جارێک خواردنی بۆ ئەو پیاوە بردبوو، دەیگوت(ژوورەکەی بۆنی ئەشکەوتی لێدێت!). نانەواکەی گەڕەکیش کە شەوێک بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە سەردانی کردبوو، بەدراوسێکانی دەگوت(رەنگە هەموو ئەو پارەیەی ئەو دەستی دەکەوێت کۆیبکاتەوە، چونکە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە، تەنها هەندێ کەلوپەلی زۆر کەم لەژوورەکەیدا هەیە!). ئەو زۆر بەوە دڵتەنگ دەبوو دەربارەی ژنهێنان پرسیاریان لێبکردایە، تەنانەت حەزی بەوەش نەدەکرد بچێتە ئاهەنگی کەسانی دیکەشەوە. جارێک بەزۆر بردیان بۆ زەماوەندی کوڕی نانەواکەی گەڕەک، تەماشایانکرد لەوێ لەسوچێکی هۆڵەکەدا دانیشتووەو دەگری. تاکو چەند مانگێکیش خەڵکی گەڕەک باسی ئەو هەڵوێستەیان دەکرد. بەڵام کەس نەیتوانی هۆکاری ئەو گریانە ئاشکرا بکات. ئەو لەلای نانەواکەی گەڕەک وەسێتی کردبوو، ئەگەر مرد سەر گۆڕەکەی پڕبکەن لەلم. ئەوەشی لەشەوی نەخۆشییەکەیدا پێڕاگەیاندبوو.

ئەم کە دەستی بەلمی سەر گۆڕەکەدا دەهێنا، کتوپڕ ئەو ئێوارە درەنگەی بیرکەوتەوە کە منداڵبوو باوکی بەشێك گۆشتی قوربانیی پیادا نارد بۆ ماڵیان. ئەم تا ئەوکاتەش نەیدەزانی ژوورەکەی ئەو پیاوە چی تێدایە. کاتێك کە چووە ژوورەوە، راستەوخۆ نیگای لەسەر ئەو تابلۆیە لەنگەری گرت، کە بەقەد دیواری بەرامبەر ژوورەکەوە هەڵواسرابوو. تابلۆکەش وێنەی بیابانێکی فراوانی دەنواندو جگە لەلم هیچی دیکە لەنێو تابلۆکەدا نەدەبینرا.

ژیانی ئەو یەکپارچە نهێنی بوو، تاکو دوای مردنیشی کەس گرنگی بەئاشکراکردنی ئەو تارماییە نەدەدا کە لەبەردەم رابوردووی ئەو پیاوەدا وەستابوو. پرسیاریان لێدەکرد، بەڵام پێش ئەوەی وەڵامێکی تەواویان دەستگیر ببێت کۆڵیان دەدا. هەموو رازەکانی لەگەڵ خۆی بردە گۆڕەوە. هەر ئەوەش بوو حەسرەتێکی گەورەی لای خەڵکی گەڕەك بەجێهێشت. چونکە هەستیان دەکرد پێش ئەوەی ئەوان بەتەواوی لێیبڕوانن، ئەو بەخێرایی لەبەرچاویان ونبوو. هەرچەندە چەند ساڵێك لەنێویاندا ژیا، بەڵام وادەهاتە بەرچاویان کە ئەو پیاوە بەکتوپڕی هات و بەکتوپڕیش تێپەڕی. دوای مردنی هەموو جارێك باوکی ئەم دەیگێڕایەوە کە لەڕۆژی هاتنی ئەو پیاوەدا بۆ



ئەو گەڕەکە، ئەم زۆر بەساردییەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، کە دەربارەی ژوورێکی چۆڵ پرسیاری کردبوو. باوکی ئەم دەیگوت(ئەگەر ئەم رۆژەم لەبەرچاو بوایە زۆر بەگەرمییەوە بەرەوپیری دەچووم و هەرخۆشم هەوڵی پەیداکردنی ژوورێکم بۆدەدا!). بەڵام ئەو هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات، ئەگەر مرۆڤ لەسەرەتای هەموو رووبەڕووبوونەوەیەکدا کۆتاییەکانیشی لەبەرچاو بێت، بەشێوەیەکی دی مامەڵە دەکات. ئەم بەبەردەوامیی بیری لەوە دەکردەوە کە بۆچی خەڵکی گەڕەك لەکاتی ژیانی ئەو پیاوەدا ئەوەندە خەمساردبوون و هەوڵی ئەوەیان نەدەدا بەتەواوی رازەکانی رابوردووی ئەو ئاشکرا بکەن، بەڵام لەدوای مردنی هەریەکە لای خۆیەوە حەسرەتی بۆ ئاشکرانەکردنی رابوردووی ئەو پیاوە هەڵدەکێشا. ئەوان کاتێك بیریان لەوە دەکردەوە، کەمردن هەموو دەرگاکانی بەڕووی ئاکامی بیرکردنەوەیاندا داخستبوو! کەس هەستی بەوە نەدەکرد لەپێش مردنی ئەو پیاوەدا خەڵکی گەڕەك ئەوەندەیان خۆشویستبێ. لەساتەوەختی ژیانیدا هەرگیز ئەوەیان بەخەیاڵدا نەدەهات ئەو پیاوە شوێنێکی لەژیانی ئەواندا پڕکردۆتەوە، بەڵام لەدوای مردنی و بەدەرکەوتنی ئەو بۆشاییەی لەدوای خۆی

**بەجێیهێشت، ئەوکاتە هەستیان بەو پڕکرنەوەیەی سەرەتا کرد. هەربۆیە ئەوان لەگەیشتن بەکۆتایدا دەگەڕانەوە بۆ سەرەتاکان!**

**ئەوکاتەی ئەم دەستی بەسەر کێلی گۆڕەکەوە گرتبوو، هەموو ئەو جارانەی منداڵیی خۆی بیر دەکەوتەوە، کاتێك شتی لەو پیاوە دەکڕی، ئەویش دەستی بەسەریدا دەهێنا. ئەم جاران وایدەزانی بەتەنها دەست بەسەری ئەمدا دەهێنێ، بەلاّم دواتر بۆی دەرکەوت کە ئەو دەستی بەسەری هەموو ئەو منالاّنەدا دەهێنا کە شتیان لێدەکڕی.**

**دوای وەستانێکی زۆر لەسەر گۆڕی ئەو پیاوە، بەنیازی ڕۆیشتن ئاوڕی دایەوەو دەستیکرد بەهەنگاونان. لەکاتی بەجێهێشتنی گۆڕەکەدا وایبەخەیاڵدا دەهات کە بەو سەردانانەی هەموو ڕۆژێکی هەینی بۆ سەر گۆڕەکەی، گەورەترین خەمباریی خۆی بەرامبەر مردنی ئەو نیشاندەدات. بەلاّم هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کە ڕەنگە هەندێ کەس هەبن سەردانی گۆڕی ئەویش نەکەن و لەهەموانیش خەمبارتربن بۆ مردنی ئەو پیاوە!..**

**هاوینی** 2001

**تەرمی شار**

**لەبەیانییەکی تەممووزدا**

ئەوانەی لەو نیوەڕۆ گەرمەی ناوەڕاستی تەممزدا بەنێو سەرەنوێلکەکاندا دەسوڕانەوەو بەدووی شتدا دەگەڕان، بەشێوەی گەڕان و جوڵەو رووخسارياندا وا دەردەکەوت هیچیان نەدۆزیبێتەوە. سەریان شۆڕکردبۆوەو زۆر بەهێواشی بەو ناوەدا دەسوڕانەوە. ئەگەرچی لەماوەیەکی کورتی تێپەڕبوون بەو شوێنەدا هەست بەبۆنێکی زۆر ناخۆش دەکرا، بەڵام پێدەچوو ئەوان راهاتبێتن و هەست بەو بۆنە ناخۆشە نەکەن. جگە لەوەش فراوانی و بەربڵاویی شوێنەکە لەو دەشتە چۆڵەدا تاڕادەیەک بەری بەپەنگخواردنەوەی بۆنەکە گرتبوو. ئەوانەی لەپاسەکەدا بوون و بەتەنیشت دەشتەکەدا تێپەڕین، تەنها بەتەماشاکردنێکی کورتدا هەندێك پرسیار تاڕادەیەك سەرقاڵی کردن. پێدەچوو هیچیان زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی ئەو کەسانە نەبێت. ئەمەش رێگەی لەوروژاندنی ئەو پرسیارانە گرتبوو. بەڵام پیاوێك کە لەپاسەکەدابوو، وا دەردەکەوت زانیاریی لەسەر ئەو کەسانە هەبێت، هەربۆیە بەڕستەیەکی کراوە سەرنجی هەموانی بۆ خستنەڕووی بابەتێك راکێشا. ئەو پیاوە دوای تێپەڕبوون بەتەنیشت سەرەنوێلکەکاندا وتی(ئای.. ئەمانە هەر وازیان لەو پیشەیە نەهێنا!). ئەو پیاوە بەچەند



رستەیەکی پێکەوەنەبەستراوو پچڕپچڕ دەیویست ئەوانەی ناو پاسەکە لەوە ئاگادار بکات، ئەو زانیاریی تەواوی لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بەنێو سەرەنوێلکەکاندا دەگەڕان. بەبێئەوەی لەپیشەی خۆی بدوێت، بەقسەکانیدا وا دەردەکەوت زۆر لەو شوێنەوە تێبپەڕێت. هەموو ئەوانەی لەنێو پاسەکەدا بوون، بەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی وێنای ئەو پیشەیە بکەن و ئەو شتانە بهێننە بەرچاوی خۆیان کە ئەوانە دەستیان دەکەوێت.

کوڕێکی گەنج لەناو پاسەکەدا وەك ئەوەی پرسیار ئاڕاستەی کەسێکی نادیار بکات وتی(باشە ئەوانە لەو گەڕانەدا چییان دەستدەکەوێت؟). ئەو پیاوەی وا خۆی نیشاندەدات زانیاریی تەواوی لەسەر ئەو کەسانە هەیە، وەك ئەوەی پرسیارەکە ئاراستەی ئەو کرابێت دەستیکرد بەقسەکردن(بەهۆی ئیشەکەمەوە ماوەیەکی زۆرە لێرەوە تێدەپەڕم، ئەوانە لەوکاتەوە تا ئێستا بەهەمانشێوە لەو ناوەدا بەدووی شتدا دەگەڕێن. بەیانیان کاتێك لێرەوە دەڕۆیشتم زۆر لەئێستا قەرەباڵغتربوو، رەنگە ئێستا بەهۆی گەرماکەوە تا رادەیەك چۆڵ بووبێت. هەموویان کاتی هاتنی سەیارەکانیان دیاریکردووەو دەزانن لەچ کاتێکدا ئەو سەیارانە خۆڵ وخاشاکەکە دێنن و لەوێدا هەڵیدەڕێژن. ئەو کەسانە ژن و پیاوو منداڵ و زۆرجار کەسی بەتەمەنیشیان تێدایە. دەڵێن ئەوانە خەڵکی ئەو گوندانەی دەوروبەرن و لەتاو نەبوونیی بەنێو ئەو

سەرەنوێلکانەدا دەگەڕێن، بەڵام من بڕوا ناکەم، ئەوانە هەموویان خاوەنی زەوی کشتوکاڵی و مەڕومالاَتن. ئەوانە تازە فێری ئەم پیشەیە بوون و لەو بڕوایەدانیم دەست لەو کارە هەڵبگرن. ساڵێکی ڕێك دەبێت هیچیان نەدۆزیوەتەوە، دەبوایە لەهاوینی رابردووەوە وازیان لەم کارە بهێنایە!). ئەو پیاوە بەهیچ شێوەیەك لەقسەکانیدا نەچۆوە سەر ئەو پرسیارەی ئاراستەی کرابوو، هەربۆیە کوڕە گەنجەکە زانی وەڵامی پرسیارەکەی دەستگیرنەبووە، ئەمجارەیان بەشێوەیەکی ئاراستەکراو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە(ئەوانە هەموو ڕۆژێك بەنێو ئەو سەرەنوێلکانەدا دەگەڕێن چییان دەستدەکەوێت؟). پیاوەکە ئەمجارەیان بەتەواوی زانی پرسیارەکە ئاراستەی ئەو کراوەو دەبێت وەڵامی بداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچوو یەکەمجاریش گوێی لەپرسیارەکە بووبێت و ویستبێتی وەڵامی ئەو پرسیارە دوابخات، بەوەش ئامادەبوانی نێو پاسەکە بۆ چەند بابەتێکی دیکە رابکێشێت. هەربۆیە بەخێرایی بەدوای پرسیارەکەدا دەستیکرد بەقسەکردن(من شانزە ساڵە لێرەوە هاتوچۆ دەکەم، ڕێك لەوکاتەوەی باوکم مرد. پێش ئەوەش جاربەجارێك لەگەڵ باوکم دەچووم بۆ ئێش و لێرەوە تێدەپەڕیم). پیاوێکی بەتەمەن کە بەرامبەری دانیشتبوو پرسی(باوکت بەچی مرد؟). پیاوەکە وەڵامی دایەوە(جەڵتەی دڵ لێیدا. ڕۆژێك پێش ئەوە من ئێستا چۆنم، ئەویش ئاوا هاتەوە بۆ



ماڵەوەو هیچی نەبوو. شەو وایلێهات، بردمانە نەخۆشخانە، ئەو شەوە خۆم لەلای بووم، بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا گیانی دەرچوو!).

بێدەنگییەك خەڵکی نێو پاسەکەی بۆ ماوەیەك لەڕوانین و بیرکردنەوە وەستان، بەڵام دواتر پیاوەکە وەك ئەوەی هەستی بەوە کردبێت باسێکی تری بەجێهێشتووە، گەڕایەوە سەر باسەکەی خۆی و دەستیکردەوە بەقسەکردن(وەك وتم دوای ئەوەی باوکم مرد، ناچاربووم بەهۆی ئیشەوە هەموو جارێك لێرەوە بڕۆم. ئەو شتانەی ئەمانە کۆیدەکەنەوە هیچی وا نین، بەڵام تازە فێری ئەو کارەبوون و ناتوانن وازی لێبهێنن. ئەوانە بەنێو پاشماوەی فڕێدراوی شاردا دەگەڕێن، ئەو شتانەی خەڵکی شار بەئاگایی و بێئاگاییەوە فڕێیدەدەن و سەیارەی خۆڵەکەش کۆیدەکاتەوەو لەوێدا کە بینیتان هەڵیدەڕێژێت. ئەو شتانە چین؟ کەوچك و چەتاڵ و پەڕۆوپاتاڵ و پێڵاوی کۆن و پلاکی کارەباو بەلوعە شکاوو کۆمەڵێك پاشماوەی تر. هەندێکجاریش شتی بەکەڵکیان تێدەکەوێت. ئەو شتانەی لەلایەن هەندێك ماڵەوە بەبێئاگاییەوە فڕێدەدرێن. دەڵێن جارێك ژنێك رادیۆیەکی بچوکی دۆزیوەتەوە ئیشی کردووە. هەروەها دەڵێن هەندێجار پارچە ئاڵتونیشیان دۆزیوەتەوە!). دانیشتوانی شار ئاگاداری ئەوەنین پاشماوە فڕێدراوەکانیان لەلایەن خەڵکانی ترەوە دەپشکنرێن. کەسێك جوتێك پێڵاو بۆ دواجار

فرێدەداتە تەنەكەی خۆڵەكەوە، بەبێئەوەی بەوە بزانێت كەسێكی دیكەش بۆ ماوەیەكی تر پێڵاوەكانی ئەو لەپێ دەكات. خەڵكی شار بەهیچ شێوەیەك خەیاڵیان دوای ئەو شتانە ناخەن كە فڕێیاندەدەن، بەڵام ئەوانەی بەنێو سەرەنوێلكەكاندا دەگەڕێن بە بەردەوامی وێنای شێوەی ژیان و ماڵ و خانووی ئەو كەسانە دەكەن كە شتەكانیان دەدۆزنەوە، زیاتر ئەوكاتانەی شتەكانیان بەكەڵك بێت.

ئەو پیاوەی وای نیشاندەدا زانیاریی لەسەر ئەو كەسانە لایە، لەسەرەتادا زۆربەی روانینەكانی شێوەیەكی گشتگیرو رووكەشانەی لەخۆگرتبوو. پێدەچوو هەرلەخۆوە رقی لێیانبێت. هەربۆیە كاتێك لێیاندەدوا قسەی پێدەوتن و بەهیچ شێوەك بڕوای بەوە نەدەهێنا ئەو كەسانەی رۆژانە سەرەنوێلكەكان دەپشكنن هەژارین و لەبەر نەداریی ئەو كارە بكەن! ئەو زوو زوو رووی دەكردە خەڵكی ناو پاسەكەو دەیگوت(ئێوە لەو بڕوایەدان ئەو كەسانە بەو كارە بژین؟). هەموو جارێكیش وایدەردەخست ئەوانەی ئەوكارەیان كردووە بەپیشە، خویان پێوەگرتووەو ئەو گەڕانە بەگەرمای هاوین و سەرمای زستان وەك خویەكەو هیچی تر.

پاشماوەكانی شار بەتەنها لەپێڵاوە كۆن و پەڕۆوپاتاڵ و كەوچك و چەتاڵ و شتی لەوجۆرە پێكنەهاتوون، ئەوە دیوێكی زۆر ئاشكرای ئەو دیمەنەبوو. ئەو وێناكردنەی



رێبواران دوای تەماشاكردنێكی خێرای ئەو سەرەنوێلكانە لەلایان درووست دەبێت، وەك ئەوە وایە تەماشای جامی وێنەیەك بكەن. راستە دەزانن ئەو وێنەیە كەسێكەو رەنگە بزانن چیشی لەبەردایە، بەڵام رەنگەكانی ئەو وێنەیە نابینن و چۆنێتی رووخساری ئەو كەسەشیان بۆ ناخوێنرێتەوە كە لەوێنەكەدایە. هەربۆیە رێبواران كاتێك بەسەر شەقامی تەنیشت سەرەنوێلكەكاندا تێدەپەڕن و تەماشای ئەو كەسانە دەكەن، بەتەنها روانینێكی سەرپێییان لەبەرامبەر ئەو كەسانەدا دەبێت.

كەسێك لەناو پاسەكەدا كە تا ئەوكاتەش هەست بەوە نەدەكرا گوێی بۆ ئەو گفتوگۆیە گرتبێت وتی(باشە ئەوانە چۆن تووشی نەخۆشی نابن؟). ئەو پیاوەی وای دەردەخست زانیاریی تەواوی دەربارەی ژیانی ئەو كەسانە لایەو خۆی كردبوو بەخاوەنی گفتوگۆكەو پرسیارەكەی قۆستەوەو دەستیكرد بەقسەكردن(كاتی خۆی ماڵمان لەگوندێكی نزیك شار بوو كە ئێستا بووە بەگەڕەكێك لەشار، شیوێك بەكەناری شاردا تێدەپەڕی و كەوتبووە نێوان شارو گوندەكەی ئێمەوە. پێش ئەوەی بگەیتە گوندەكە باخەوانەكانی ئەو دەوروبەرە بۆ ئەو زەویانەی سەوزەیان تیاداكردبوو، چەند جۆگەلەیەكیان لەشیوەكەوە راكێشابوو. شیوەكە زۆر پیس بوو هەمیشە منالانی گوندەكە یارییان تێدا دەكرد. جارێكیان بیرم دیت منالێكی دراوسێمان زۆر نەخۆش بوو، عەسرێكیان دایكی بۆ

کات بەسەربردن هاتە ماڵمان و لەگەڵ دایك و باوكم دانیشت. دایکم هەواڵی کوڕە نەخۆشەکەی پرسی، ئەویش بەڕووخسارێکی خەمناکەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چەند جارێك بردوێتی بۆلای دکتۆرو چاری نەبووە! ئەو ژنە دەیگوت: دایکم دەڵێت هەبێ و نەبێ ئەو کوڕەی تۆ بەبۆن کەوتووە! دایکم کاتێك گوێی لەو قسەیەبوو بەبێبیرکردنەوە کتوپڕ بەو ژنەی دراوسێمانی راگەیاند: ئەگەر تۆزێك لەگواوی شیوەکە دەرخواردی منداڵەکەی بدات چاکدەبێتەوە. دایکم دەیگوت(پیسی بەپیسییەوە دەڕوات!). دوای ئەوەی ژنەکەی دراوسێمان سەری رەزامەندیی بۆ ئەو قسەیەی دایکم راوەشاند، خێرا بەمنیان راگەیان بچم تۆزێك لەگواوی شیوەکە بهێنم. وا دەزانم ئێستایە هێشتا عوسمانی برام منداڵ بوو، من هەرخۆم بەتەنها رۆیشتم. جامێکی مسی بچوکیان دایە دەستم و بەڕاکردن بۆی دەرچووم. ئەو شیوەی لەنێو شارەوە دەهات و لەخوار گوندەکەمانەوە تێدەپەڕی، لەچەند شوێنێکدا باریك دەبۆوەو لەهەندێ شوێنی دیکەشدا پانییەکەی فراوان دەبوو. منداڵانی گوندەکەی ئێمەو گوندێکی ئەوبەر ئێمەش رۆژ تا ئێوارە یارییان لەدەوروبەری ئەو گواوە دەکرد—ئێمە پێمان دەگوت گواو. هەموو جارێك کە ئێمە دەچووینە نێو باخەکانەوە، باخەوانەکان بەبەرد راویان دەنایین. بیرم دێت چەند جارێك لەدەست باخەوانەکان رامکردوەو کەوتوومەتە ناو گواوەکەوە.



ئێمە بەبەردەوامی لەدەوروبەری ئەو گواوەش بووین و نەشماندەزانی نەخۆشی چییە! کە چووم بۆ گواوەکە، لەشوێنێکی تاڕادەیەك روونەوە وەك دایکم پێیوتبووم جامە مسەکەم پڕکرد لەگواوو بردم بۆ ماڵی دراوسێکەمان. بڕوا بکەن دوای دوو یان سێ رۆژ بوو ئەو ژنە هات بۆ ماڵمان و بەدایکمی وت کە کوڕەکەی بەخواردنی ئەو گواوە چاکبۆتەوە! ئیتر ئەوانەش فێری ئەو سەرەنوێلکانە بوون و نەخۆش ناکەون). ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردبوو وادەردەکەوت هیچ پەیوەندییەك لەنێوان پرسیارەکەی خۆی و وەڵامی پیاوەکە نەبینێتەوە، هەربۆیە لەسەرخۆ وتی(ئەوە شتێکی جیاوازە تۆ باسی دەکەیت، من دەڵێم ئەوانە لەناو ئەو بۆنە ناخۆش و شوێنە پیسەدا چۆن تووشی نەخۆشی نابن؟). پیاوەکە وەك سەرزەنشتکردنێك بۆ تێنەگەیشتنی ئەو کەسەی وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە وتی(من دەڵێم ئەوانە بەو بۆن و پیسییە راهاتوون و لەو بڕوایەدام ئەو بۆن و پیسییەیان لێبڕێت نەخۆش دەکەون. ئەوان بەیانیان دەچنە سەر ئەو سەرەنوێلکانەو لەجیاتی هەڵمژینی هەوای خۆش، بۆنی ناخۆشی پاشماوەکانی شار هەڵدەمژن!).

ئەوانەی بەیانیان دەچوونە سەر سەرەنوێلکەکانی دەرەوەی شارو بێئاگا لەکۆمەڵێك شت بەدووی دەستکەوتی بەکەڵکدا دەگەڕان. شاریش هەموو رازەکانی خۆیان لەکیسی

نایلۆندا توند دەپێچنەوەو بەنیازی سەرنگومکردن فڕێیدەدەن. نازانن چەند کەسێك بەبێ پەروا بەنێو رازەکانی ئەواندا دەگەڕێن و هەموو شتە شاراوەکانی ئەوان دەخەنە بەر پلارو گاڵتەپێکردن. ئەوانەی بەسەرەنوێلکەکاندا دەگەڕێن، ئاگاداری ئەوەن خێزانەکانی شار چی دەخۆن و چ شتێك زۆر بەکاردێنن. زۆرجار جنێوبارانی شار دەکەن، بەتایبەتی لەوکاتانەدا بەشتێکی پێچراوەوە ماوەیەك خەریك دەبن و هیچیشی تێدا نابێت. کاتێك شتێکی باشیش دەدۆزنەوە، ماوەی گەڕانەکەیان کەمدەکەنەوەو بەخێرایی و دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە. بەبەردەوامی گاڵتە بەشار دەکەن و دەڵێن(شار هەموو شتێك فڕێدەدات!).

ئەو پیاوەی لەنێو پاسەکەدا قسەی دەکرد، کەوتە باسکردنی ئەو شتانەی شار فڕێیدەدات. ئەویش لەچەند کەسێکەوە بیستویێتی هەندێجار ئەوانەی بەسەرەنوێلکەکاندا دەگەڕێن شتی بەکەڵکیان دۆزیوەتەوە. ئەو پیاوە لەو بارەیەوە دەستیکرد بەقسەکردن(دەڵێن جارێك زەرفێك ئاڵتونیان دۆزیوەتەوە. نازانم ئەوە تا چەند راستەو منیش کەسێك بۆیگێڕامەوە کە ئەویش لەیەکێکی دیکەی بیستبوو. کەس نازانێك هەموو ئەو شتانەی خەڵك دەیانگێڕێتەوە راستن یان نا، هەموو کەسێك دەڵێت یەکێك بۆیگێڕامەوە، ئیدی کەس نازانێت ئەو کەسە کێیە؟ جاری واهەیە یەك شێوە بەسەرهات لای



چەندین بنەماڵەو خێزان وەك یەك هەیەو نەوە بەنەوە بەیەك شێوە دەیگێڕنەوە. جا نازانم ئەو زەرفە ئاڵتونە راستە یان نا، چونکە منیش بۆیانگێڕاومەتەوە!). دوای تەواوبوونی قسەکانیشی لەبەرخۆیەوە گوتی(زەرفێك ئاڵتون.. ئەو خەڵکە شێتبووە زەرفێك ئاڵتون فڕێبدات. ئەگەر بیانوتایە ملوانکەیەك یان موستیلەیەکی ئاڵتون، ئەوە رێیتێدەچوو، بەڵام زەرفێك..!!).

لەدوای تەواوبوونی ئەو قسەیە ماوەیەك بێدەنگبوو، دواتر کاتێك زانی کەس قسە ناکات بێدەنگی نێو پاسەکەی قۆستەوەو دەستیکردەوە بەقسەکردن(دەبوایە ئەوانە لەپارەوە وازیان لەوکارەیان بهێنایە!). ئەوکاتەی هیچ کەسێك پرسیاری بەدووی ئەو قسە نادیارەدا بەرز نەکردەوە، ناچار پیاوەکە دەستیکردەوە بەقسەکردن و وای بۆ دەچوو ئەو کەسانە دەتوانن واز لەو ئیشە بهێنن و ئیشێکی تر بکەن. ئەو وایدەگێڕایەوە کە زۆر منداڵبووە لەگەڵ باوکیدا ئیشیکردووە. هەربۆیە دوای پێشەکییەك بۆ سەرنجراکێشانی خەڵکەکە، ئەمجارەیان بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەخۆهەڵکێشانەوە کەوتە قسەکردن(من منداڵبووم باوکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا شتومەکیان بەولاخ بۆ ئەودیو سنور دەبرد. دواتر کە تۆزێك گەورەتر بووم، ئیتر چەند جارێك لەگەڵیان چووم و هاوکاریم دەکردن. هەرچییەك رەواجی هەبوایەو پارەی زۆری بکردایە دەمانبرد بۆ ئەودیو سنور. دوای مردنی باوکیشم بەهەمانشێوە

لەسەر ئەوکارە بەردەوامبووم. ئەگەرچی چەند جارێکیش لەسەر هەندێ شت کە دەمانبرد بۆ ئەودیو سنور خراومەتە زیندانەوە، بەڵام تازە چۆن واز لەو ئیشە بهێنم، لەمناڵییەوە ئەوە کارمە. ئەوەی ئەوان دەیکەن ئیش نییە، ئەتوانن خۆیان بەشتێکی دیکەوە خەریك بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەك وتم تازە فێری ئەو ئیشە بوون و بڕوا ناکەم وازی لێبهێنن!).

ئەگەرچی کەسانی نێو پاسەکە تاڕادەیەك گوێیان بۆ قسەکان گرتبوو، بەڵام تەنها دوو کەسی نزیك ئەو پیاوە قسەیان دەکردو تێکەڵ بەگفتوگۆکە بووبوون. پیاوێك لەوەدەچوو تا ئەوکاتەش بەباشیی لەتەواوی گفتوگۆکە تێنەگەیشتبێت، هەربۆیە روویکردە پیاوەکەو لێیپرسی(بۆچی تۆ زۆرجار لەو شوێنەوە تێدەپەڕیت؟). وەك ئاگادارکردنەوەیەك و تاڕادەیەك سەرزەنشتکردنێکیش وتی(پێشتر باسمکرد کە من و یەك دوو کەسی تری هاوڕێم هەندێك کەلوپەل دەبەین بۆ ئەودیو سنورو دەیفرۆشین، زۆرجاریش لەوێشەوە چەند شتێك دێنین بۆ ئێرە. باوەڕ بکەن زۆر مناڵبووم لەگەڵ باوکم و هاوڕێکانیدا دەچووم بۆ ئەو ئیشە. هەموو جارێك دایکم دەیکرد بەبۆڵەبۆڵ لەگەڵ باوکمداو پێی ناخۆشبوو منیان بۆ سەر سنور دەبرد. باوکم پێیوابوو ئەگەر لەمناڵیدا فێری ئیشکردن نەبم، کە گەورەبووم ناتوانم هیچ ئیشێك بکەم).



بێدەنگییەك باڵی بەسەر کەشی نێو پاسەکەدا کێشا.

هەندێك لەوانەی لەنێو پاسەکەدابوون وا خۆیان نیشان نەدەدا گوێیان لەقسەکان گرتووە، هەربۆیە ئارەزووی ئەوەیان نەبوو تێکەڵ بەگفتوگۆکە ببن. ئەوانەی لەدەوری سەرەنوێلکەکان کۆدەبنەوە، بۆ هەمان مەبەست بەنێو شاریشدا دەسوڕێنەوە. ئەوان دەڵێن(شار هەموو شتێك فڕێدەدات!). خەیاڵیان بۆ ئەوە دەچێت مەرج نییە هەموو شتە فڕێدراوەکانی شار لەو سەرەنوێلکانەدا کۆببنەوە، رەنگە چەندین شت هەبن لەنێو شاردا فڕێبدرێن. ئەو خەیاڵەش چەند کەسێك لەوانە بەدووی خۆیدا دەبات و بەنێو شاردا دەیانسوڕێنێتەوە. دەڵێن ئەوانە فێری ئەوەبوون بەنێو شاردا بگەڕێن، بەبێئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی و وەك دانیشتوانی شار بتوانن بەڕێگەدا بڕۆن. ئەوان بەبۆنێکی پیسەوە بەبەردەوامی بەنێو شاردا دەگەڕێن. هەموو رۆژێك شەقام و کۆڵان و گەڕەك و بازاڕو قەیسەرییەکانی شار پڕ دەکەن لەبۆنی ناخۆش. ئەوان لەتێپەڕبوونیاندا بەنێو شاردا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بۆنێکی زۆر ناخۆش بەدووی خۆیاندا بەجێدێڵن. بۆنی سەرەنوێلکەکان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بەشاردا دەیگێڕن. ئەو بۆنە دەبەنە قەیسەرییەکانی شار، دەیبەنە بەر دەرگای ماڵان، دەیبەنە نێو دوکانەکانی بازاڕ. شاریان بۆگەن کردووە!

ئـەو پیـاوەی بەتـەواوی گفتوگـۆی نێـو پاسـەکەی بـەدەوری بابـەتی سـەرەنوێلکەکاندا دەسوڕاندەوە، لەوەدەچوو پێیناخۆش بێت بەو شێوەیە باسی ئەو کەسانە دەکات. هەربۆیە دوای ئـەوەی چەند قسـەیەکی پێوتن، بەهێواشی و وەك ئـەوەی ئـاخ بـۆ رابردوویـەکی سـەنگین هەڵبکێشـێت دەسـتیکرد بەقسەکردن(ئەوانەی هەموو بەیانییەك لەدەوری سەرەنوێلکەکان کۆدەبنەوە، جاران لەچەند گوندێکی دەوروبەری شاردا دەژیان و سـەرقاڵی ئاژەڵـداریی بـوون و زەوییـەکانی نزیـك شاریشـیان کردبووە سەوزەو رۆژانە دەیانهێنا بۆ نێو بازاڕ. ئێمـەش پێشتر لەگوندێکی نزیك شار دەژیان، بەڵام زوو هاتینە شار. وابزانم من ئەوکاتـەی هاتینـە شار تەمـەنم پانزە–شانزە ساڵ دەبوو. ئـەو گوندنشـینانەی دیکـە هـەمووی سیانزە–چواردە ساڵ دەبێـت هێنراونەتە شار. ئەوان کاتێك هاتنە شار، هـەموو ژیانیان گۆڕا. جـاران سـەوزەیان دەهێنـا بـۆ نێـو شـار، ئێسـتا بـۆنی سـەرەنوێلکەکان. پیاوێـك وەك ئـەوەی قسـەیەکی حـەق بـۆ ئـەو کەسـانەش بکـات وتـی(راسـتە ئەوانـە شـاریان زۆر قـەرەباڵغ کـردووە، بـەڵام ئـەوان چیبکەن؟ ئەمـە قـەدەری ژیانـەو بـەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی خۆیانی تێدا نییە).

ئەگەرچی ئـەو ویسـتی بەپەلـە وەڵامـی بداتـەوە، بـەڵام دوای ئـەو چـەند رسـتەیە لەسـەرخۆ کەوتـە باسـکردنی ژیـانی گونـدو بەنەشئەیەکی پـڕ لەخۆشییەوە لـەژیانی نێو بێسـتان و



دەغڵودان و باخ و بـەخێوکردنی مـاڵات دەدواو بـەراوردی دەکـرد بەو پیشەیەی ئێستایان و دەیگوت(بۆنی باخ و باخات لـەکوێ و بـۆنی سـەرەنوێلکەکان لـەکوێ؟ هـێمنی و هـەوای سـافی گونـد لـەکوێ و قـەرەباڵغی و هـەوای پیسـی شـار لـەکوێ. مـن ئەگـەر بسـتێك زەویـم لەگونـدێك هەبوایـە دەچـووم لـەوێ نیشتەجێدەبووم. ئەوانەی بەسەرەنوێلکەکاندا دەگـەڕێن دەبوایـە هیچ نەبوایە لەساڵی رابوردووەوە بەتەواویی وازیان لەو پیشەیە بهێنایە!).

ئەوانەی لەنێو پاسەکەدابوون بێدەنگ بووبوون و کەس قسـەی نـەدەکرد، لەوەدەچـوو ئـەو پیـاوە چاوەڕێی ئـەوە بێـت یـەکێك پرسیاری لێبکات، هەربۆیـە ئـەویش وا خـۆی دەرخسـت ئیـدی تاقـەتی قسـەکردنی نـەماوە. لـەوە نەدەچـوو گفتوگۆکـە کۆتـایی پێهاتبێـت، چـونکە بـەڕوانینێکی گومانـاوی و تەواونـەکراوەوە کۆتـایی بەقسـەکانی هێنـا. ئەمـەش وایکـرد پیاوێك کە لەتەنیشتییەوە دانیشتبوو بپرسێت(بۆچی دەبوایـە ئـەو کەسـانە لەسـاڵی رابـوردووەوە دەسـتیان لـەو ئیشـە هەڵبگرتایـە؟). کاتێـك گـوێی لـەو پرسـیارە بـوو بـەڕەنگ و رووخسـاری ئـەو پیـاوەدا وادەردەکـەوت لەسـەرەتای قسـەکردنییەوە چاوەڕوانی ئـەو پرسـیارە بکـات، هەربۆیـە زۆر بەخۆشحاڵییەوەو تـا رادەیـەکیش خێرا وتـی(وەك دەڵـێن سـاڵێك

لەمەوپێش، بەیانییەکی زوو وەك هەموو ئەو بەیانیانەی ئەو کەسانە بەرەو سەرەنوێلکەکان بەڕێدەکەون، ئاوا ژن و پیاوو منالْ روویان کردۆتە یەکێك لەسەرەنوێلکەکان، وەك دەڵێن گەورەترین سەرەنوێلکە بووە. هەر لەدوورەوە هەستیان بەشتێکی نائاسایی کردبوو. لەوە نەدەچوو هیچ شتێك لەوێدا کەوتبێت، جگە لەپاشماوەکانی رۆژانی پێشوو. ئەو کۆمەڵە کەسەی بەرەوڕووی سەرەنوێلکەکە رۆیشتبوون، هەنگاوەکانیان خێراییان لەدەستدابوو، زۆر بەسستی و لەسەرخۆو بەترسەوە رۆیشتبوون. تا نزیك بووبوونەوە زیاتر دیمەنەکە روونتر بووبۆوە. لەدواجاردا چاوی هەموویان زۆر بەسەرسامی لەسەر دیمەنی ئەو بەیانییەی سەرەنوێلکەکە لەنگەری گرتبوو. دەڵێن ئەو بەیانییە لەبری پاشماوەی شار، تەرمێك لەسەرەنوێلکەکەدا کەوتبوو. وەك دەگێڕنەوە تەرمەکە مرۆڤێکی ئاسایی نەبووەو ئەوەی دەیلێن تا ئێستاش کەس بڕوای پێناهێنێ. من نازانم ئەوە تا چەند راستە، بەڵام هەموو ئەوانەی لەو بەیانییەدا چوونەتە سەر تەرمەکە لەباسکردنی دیمەنەکاندا تەبان. پێش هەموو شتێك کەوتنی تەرمەکە جێگەی سەرسوڕمان بووە، لەکەوتنی تەرمەکەدا بەرزونزمییەکی زۆر لەسەر رووی لەشی دەرکەوتووە. سەرەڕای ئەوەش تەرمەکە لەدوورەوە بریسکاوەتەوە، وەك ئەوەی لەشی لەوردە شووشە پێکهاتبێت.



دەستی راست و قاچی چەپی وەك هێڵێکی راست و شەقامێکی رێك درێژبووبوونەوە، دەستی چەپ و قاچی راستیشی بەشێوەیەکی ناڕێك و وەك چەند کۆڵانێکی پێچاوپێچ بەپێچەوانەی دەستی راست و قاچی چەپییەوە بڵاوکرابوونەوە. زۆر کەس شێواوی و ناڕێکی کەوتنی ئەو تەرمەیان دەگەڕاندەوە بۆ چۆنیەتی فڕێدانەکەی. تەرمەکە لەسەردەم و لەشوێنێکی لێژدا فڕێدرابوو، شوێنی دەستی راستی زۆر لەشوێنی قاچی چەپی بەرزتربوو. بەشێوەیەك فڕێیاندابوو خۆر لەلای شانی راستییەوە هەڵدەهات و لەخوار قاچی چەپییەوە ئاوادەبوو. لەوە دەچێت نائاسایی دیمەنی تەرمەکە نەیهێشتبێت بەتەواوی و بەوردی لەجەستەی ئەو تەرمە فڕێدراوە بڕوانن. هەندێك لەوانەی لەو بەیانییەدا لەسەر تەرمەکە ئامادەبوون، پێیانوایە ئەو شتەی لەو بەیانییەدا بینیویانە تەرمی مرۆڤ نەبووە. دەڵێن لەو بەیانییەوەی تەرمەکەیان تیادا بینیوە، ئەوانەی هەموو رۆژێك بۆ دەستکەوتێك بەنێو سەرەنوێلکەکاندا دەگەڕێن وا بۆ ماوەی ساڵێك دەچێت هیچ شتێکیان نەدۆزیوەتەوە!).

هاوینی 2004

مەرگی داپیرە

لەسێشەممەدا

ئەوکاتەی هەواڵەکەیان بەپرتاو پێڕاگەیاند، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگی سێشەممە بوو. ئەو لەکەشێکی هێمندا سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی شووشەی ئەو پەنجەرەیە بوو کە بەسەر کۆڵاندا دەیڕوانی. هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەدەهات چەند وشەیەك بتوانن دەزوولەی هەموو یادەوەرییەکانی بپچڕن و لەچاوتروکانێکدا لەجیهانێکەوە فڕێی بدەنە جیهانێکی دیکەوە.

لەیەکەم بەرکەوتنی پەردەی گوێی و ئەو چەند وشەیەدا، بەخێرایی نیوەڕۆی ئەو دووشەممە گەرمەی بیرکەوتەوە کە لەناو بازاڕێکی قەرەباڵغدا لەنەنکی ونبوو. کاتێك زانی بەهەڵە دەستی بەعەبای ژنێکی ترەوە گرتووە، وایبەخەیاڵدا هات لەبیابانێکی چۆڵدایەو هەموو دنیا ئەوی لەبیرخۆی بردۆتەوە. لەساتەوەختی گوێبیستی ئەو هەواڵەشدا هەستی بەهەمان ئەو ونبوونە کردەوە. دوای ئاگاییەکی تەواو بەرامبەر هەواڵەکە، بەدەم هەڵکێشانی ئاخێکەوە دەستی لەپەنجەرەکە هەڵگرت و کتوپڕ دەزوولەی خەیاڵی ئایندەی هەڵکردەوەو لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکی خێرای رابوردوو لەئێستای



خۆیدا توایەوە. رەنگە خۆیشی لەو نهێنییە نەگات کە بۆچی لەکاتی پچڕاندنی هەموو روانینێکی بۆ ئایندەدا، رۆژی مردنی نەنکی بەرۆکی دەگرێت.

زۆربەی کات سەرچاوەی ئەو گەڕانەوەیەی بەو حەسرەتە لێکدەدایە کە ئەو نەنکی لەپێش مردنیدا فەرامۆشکردبوو، تاکو دوای مردنیشی هەستی بەو راستییە نەکردو هیچ جارێك بەچاوی گرنگی پێدانەوە لەداواکاری و کەلوپەلەکانی نەڕوانیوە. هەمیشە نەنکی حەزی بەوەدەکرد لەهەموو جارێکی قسەکردنیدا بەوردی گوێی لێبگیرێت. بەبەردەوامیی چاودێریی کەلوپەلەکانی دەکردو ئاگاداری دەکردنەوە پارێزگاریی لێبکەن. بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەك گرنگییان بەقسەو کەلوپەلەکانی نەدەداو وەك کاهینێکی بێزراوو فەرامۆشکراو لێیاندەڕوانی. زۆربەی کات لەگەڵ کوڕەکەی ئەودا لەکێشەدابوون لەسەر ئەو شتانەی ونی دەکردن. رۆژێك هەرایەکی گەورە لەنێوان نەنکی و کوڕەکەیدا روویدا، کوڕەکەی ئەو لفکەیەکی چنراوی نەنکی هەڵوەشاندبۆوە. جارێکی دیش لەسەر ئەوەی قتوی جگەرەکەی نەنکی شاردبۆوەو هەڵماتی تێکردبوو، بووە کێشە لەنێوانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا نەنکی بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی

دەستبەرداری بێت و بە بەردەوامیی حەزی بەوەدەکرد بیدوێنێت و حیکایەتی بۆ بگێڕێتەوە. ئەو ڕۆژەی نەنکی دوای ئەو هەموو فەرامۆشکردنە، بەیەکجاریی ماڵئاوایی لێکردن، ئەو هەستی بەتاوانێکی گەورەکردو گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ئەوان نەیانتوانی تەنها جارێك بەگرنگییەوە گوێ بۆ ڕازەکانی نەنکی ڕادێرن.

هەرچەندە ئەو جەستەی نەنکی وەك داگیرکردنی شوێنێك دەهاتە بەرچاو، بەڵام دوای مردنی هەرگیز پێی نەدەکرا بێ گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی نەنکی بۆ ساتێك هەڵبکات. هەموو جارێك ئاخێکی گەورەی بۆ ئەوە هەڵدەکێشا کە نەیتوانی پارێزگاریی کەلوپەلەکانی نەنکی بکات. هەر نەیزانی چۆن ئەو کەلوپەلانە لەچاوتروکانێکدا ونبوون. زۆربەی کات سەرزەنشتی کوڕەکەی دەکردو بەوە تاوانباری دەکرد کە ڕەنگە ئەو لەپشت ونکردنی ئەو کەلوپەلانەوە بێت. بەڵام کوڕەکەی بەگریانێك خۆی لەو بازنەی تاوانبارکردنە قوتاردەکرد. ئەو پێی نەدەکرا بۆ ساتێکیش بێت دوای مردنی نەنکی بێگەڕانەوە بۆ پێش مردنی بەسەر بەرێت. هەربۆیە ماڵەکەی وەك پارچەکانی جەستەو خەیاڵەکانی نەنکی دەهاتە بەرچاو. هەموو جێگەیەك لەو ماڵەدا بووبووە تارمایی هاتوچۆو



دانیشتنی نەنکی، بەڵام پێشتر چەندین سەعات بەو ماڵەدا هاتوچۆی دەکر، هەستی بەوە نەدەکرد کە نەنکی ببینێت!

پاش مردنی نەنکی هەموو شەوانی زستان، ئەو شەوانەی بیردەخستەوە کە نەنکی لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنیشت و حیکایەتی بۆ کوڕەکەی ئەو دەگێڕایەوە. ڕووناکی چراکەی لای چەپی ژوورەکە سێبەرێکی گەورەی نەنکی لەسەردیواری لای ڕاستی ژوورەکە دەنەخشاند. لەهەرشوێنێك دانیشتایە ئەو سێبەرەی نەنکی لەبەرامبەریدا دەردەکەوت. کە پاڵدەکەوت یەکپارچە ساپیتەی ئەو ژوورە دەبووە فەزای ئەو حیکایەتانەی نەنکی شەوانە بۆ کوڕەکەی دەگێڕایەوە. دەکەوتە سەرلاو تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد, هەموو ئەو شتانەی دەکەوتە بەرچاو کە نەنکی شەوانە لەحیکایەتەکانیدا کوڕەکەی ئەوی پێدەترساند. دوای مردنی نەنکی هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو لەهەموو هاتنە ژوورەوەیەکی کوڕەکەیدا تارمایی نەنکی بێتە بەرچاوی, کاتێك لەدەرگای ژوورەکەوە دەچێتە دەرەوە.

هەرکاتێکیش لەژوورەکەدا بەپێوە ڕابوەستایە, کەلوپەلو شتەکانی نەنکی وەك چۆن لەپیش مردنیدا لەو ناوەدا پەرشوبلاو بووبوونەوە, بەوشێوەیە دەهاتنە بەرچاوی. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی لەوکاتانەی لەکوڕەکەی ڕادەمێنێ, وێنەی

نەنکی لەڕووخساریدا بەدیدەکات و هەموو ئەو رۆژانەی بیردەکەوێتەوە کە نەنکی و کوڕەکەی پێکەوە دادەنیشتن و تاوێك ناکۆك و تاوێك تەبابوون. نەنکی حەزی دەکرد بۆ هەر شوێنێك بڕوات منداڵەکەی ئەو لەگەڵ خۆی ببات. بەلاّم ئەو حەزی بەو شوێنانە نەدەکرد کە نەنکی سەردانی دەکردن. نەنکی زۆربەی کات سەردانی مەزاری پیاوچاکانی دەکردو لەوبڕوایەدا بوو نزاکردن لەسەر ئەو مەزارانە خێرێکی بێئەندازەی هەیە. هەموو جارێك داوای لەکوڕەکەی ئەو دەکرد لەگەڵی بچێت بۆ سەردانی مەزاری ئەو پیاوچاکانە, منداڵەکە حەزی بەو شوێنانە نەدەکردو بەنەنکی رادەگەیاند (داپیرە.. ئەگەر بمبەی بۆ سینەما لەگەڵت دێم.!)

کاتێك نەنکی حیکایەتی بۆ کوڕەکەی ئەو دەگێڕایەوەو بەهێوری لەسەر رووداوەکانی نێو حیکایەتەکان رادەوەستا, منداڵەکەی ئەو یاریی بەمیکانۆ دەکردو چەندین شتی شێوە جیاوازی لێدروست دەکردن و گوێی بەحیکایەتەکان نەدەدا.

ئەو ئێوارەیەی هەواڵەکەیان پێڕاگەیاند, ئەو لەگەڵ خاوێنکردنەوەی پەنجەرەکەدا خەیاڵی بەرەو ئایندەیەکی دوور هەڵدابوو. کە لەدەوری وێنەو ژیانی منداڵەکەی سوڕی دەخوارد. ئەو بێ ئەوەی بەتەواوی چاودێرییەکی وردی بکات, خەونی



بەپاشەڕۆژێکی رۆشنی منداڵەکەیەوە دەبینی. تاوناتاوێکیش ئاخێکی هەڵدەکیشاو مردنی نەنکی دەهاتەوە یاد. ئەو مردنەی ئازارێکی وای بەجێهێشت کە لەبیرکردن و لەبیرچوونەوەی ئەستەم بێت. ئەو هەموو منداڵیی خۆی لای نەنکی بەسەربردبوو, ئیدی چۆن توانی پێش مردنی بەو شێوەیە فەرامۆشی بکات. ئەوکاتە هەستی بەوە نەدەکرد لەبیریکردووەو هەرگیز رۆژێ ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات. تاکو دوای مردنی بەتەواوی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە نەنکی بەهۆی گرنگی پێنەدانەوە ماڵئاوایی لێکردن. ئەو وای بەخەیاڵدا دەهات بەخێوکردنی کەسێك دەبێتە گەورەترین گرنگی پێدان. بەلاّم هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە کە نەنکی ئەوەی دەخواست بە بەردەوامی گوێی بۆ بگیرێت و پارێزگاریی کەلوپەلەکانی بکرێت. نەنکی لەکاتی گێڕانەوەی باسێکیدا چەندین پەندو بەسەرهاتی کۆنی بەباسەکەی ئاوێتە دەکردو ئامۆژگاریی کوڕەکەی ئەوی دەکرد. سیحری ئەو ئامۆژگارییە خەمگینە بوو لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵەدا کتوپڕ رۆژی مردنی نەنکی بیرکەوتەوە. کەئێوارەیەکی درەنگی سێشەممە بوو, کاتێك ئەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە تەماشای کرد دەرگاکەیان کراوەتەوەو چەند کەسێك بەچوونە ژوورەوەو هاتنەدەرەوە لەدەرگاکەوە لەهاتوچۆکردندا بوون.

هەرچەندە نەنکی لەسێشەممەی رابردووەوە نەخۆش کەوتبوو, لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو ئەو شروبەی بۆ پەیدا بکەن کە پزیشك بۆی نووسیبوو. بەڵام ئەو هەرگیز لەوساتەدا سەرچاوەی ئەو قەرەباڵغییەی نەگەڕانەوە بۆ نەنکی. لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەدەرگاکەی خۆیان, کتوپڕ ژنێکی دراوسێیان بەپرتاو هەواڵی مردنی نەنکی پێڕاگەیاند.

دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێك بەسەر مردنی نەنکیدا هەستی بەتاوانێکی گەورەکرد بەرامبەر پەیدا نەکردنی ئەو شروبەی کە پزیشك بۆ نەنکی نووسیبوو. هەربۆیە وەك پاساوێك بۆ ئەو تاوانەی, چەند رۆژێك پاش مردنی نەنکی, شروبەکەی پەیداکردو لەشوێنێکی لەبەرچاوی ماڵەکەدا داینا. تاکو لەهەموو جارێکی تەماشاکرنیدا رووخساری نەنکی بهێنێتەوە یاد. رەنگە ئەوکارەی وەك باربۆی ئەو فەرامۆشکرنە ئەنجامدابێت کە لەساتەوەختی خۆیدا نەیکردبوو. بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبێت، کە بەئاکام گەیاندنی هەرکارێك دوای تێپەڕبوونی سەردەمی خۆی هیچ مانایەك ناگەیەنێت..

ئەو ژنەی کە هەواڵی مردنی نەنکی پێڕاگەیاند, دواتر ئەوەشی بۆ گێڕایەوە کە نەنکی لەکاتی سەرەمەرگدا جگە لەهاوارکردن بۆ شروبەکە, بەبەردەوامیی داوای بینینی



منداڵەکەی ئەوی کردووە. تاکو پێش ماڵئاوایکردنی بۆ دواجار تێر لەڕووخساری بڕوانێت. بەڵام کەس نەیتوانی لەوکاتەدا ئەو منداڵە بدۆزێتەوەو هەرهیچ نەبێت دواهەمین داواکاری نەنکی جێبەجێ بکرێت.. منداڵەکەی ئەویش زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ داپیرەیدا بەسەر دەبرد, چونکە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەمدا دایکی مردبوو. هەربۆیە خۆی و باوکی و نەنکی باوکی پێکەوە لەخانوویەکدا دەژیان. ئەو منداڵەش بەهەمانشێوە گەیشتە ئەوەی کە ناتوانێت دوای مردنی نەنکی رۆژەکانی بەئاسودەیی بەسەربەرێت. ئەوەش وایکرد داوا لەباوکی بکات تەنها جارێك لەگەڵ خۆی بیبات بۆ سەرگۆڕەکەی نەنکی. بەڵام باوکی ئەو داوایەی کوڕەکەی فەرامۆشکردو نەیتوانی رۆژێك منداڵەکەی ببات بۆ سەرگۆڕی داپیرەی.. پاش مردنی نەنکی تەنها خۆی و منداڵەکەی لەو ماڵەدا دەژیان. بەڕۆژ ئەو دەچووە دەرەوەو منداڵەکەش تاکو هاتنەوەی باوکی دەبوایە لەچاوەڕوانیدا بێت. منداڵەکەی لەتەنهاییدا هەمیشە بیری لەنەنکی دەکردەوەو رەنگە ئەویش هەستی بەوە کردبێت لەکاتی خۆیدا گرنگی بەداپیرەی نەداوە. چونکە نەیدەزانی نەنکی رۆژێك دەمرێت..

ئەوکاتـــەی هەواڵەکـــەیان پێڕاگەیانـــد, ئێوارەیـــەکی درەنگـی سێشـەممە بـوو. وەك ئـەو ئێوارەیـەی هـەواڵی مردنـی نـەنکی بیسـت. بێئـەوەی ئاگـاداری ئـەوەبێت کوڕەکـەی ئـەو شروبەی خواردبۆوە کە ئەو دوای مردنی نەنکی پەیداکردبوو. دراوسێکانی بەپەلە منداڵەکەی ئەویان بردبوو بۆ نەخۆشخانە. ئەو بێئاگا لەو کارەساتە بەبێدەنگی و بێ ئەوەی کەس ببینێ گەڕایەوە ماڵەوە. دوای ئەوەی یەك دووجار کوڕەکەی بانگکرد, گڵۆپی پێشەوەی خانووەکەی هەڵکردو کەوتە پاککردنەوەی ئەو پەنجەرەیەی بەسەر کۆڵاندا دەیڕوانی. لەو کاتەدا کە سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی پەنجەرەی ژوورەکە بوو, ژنەکەی دراوسێیان, هـەمان ئـەو ژنـەی هـەواڵی مردنـی نەنکیشـی پێڕاگەیانـد, لـەو ئێـوارە درەنگـەی سێشـەممەدا بـەپرتاو خـۆی کـرد بـەژووردا و دەزوولـەی خـەیاڵی پچڕاندو بەهەناسـەبڕکێوە هـەواڵی مردنـی کوڕەکەی پێڕاگەیاند!

هاوینی 2001